ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# ناگۆرنۆ قەرەباغ

## لەنێوان جەنگ و ململانێی بەردەوامدا

گەیلان عەباس



کانونی یەکەمی ٢٠٢٠

# ناگۆرنۆ قەرەباغ

## لەنێوان جەنگ و ململانێی بەردەوامدا

**نوسین و ئامادەکردنی: گەیلان عەباس**

**ئەندامی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان.گۆشەی سیاسی**

Email: research.gorran@gmail.com

**کانونی یەکەمی ٢٠٢٠**

## پێڕست

پێشەکی ..... ٣

ناسنامەی ناگۆرنۆ قەرەباغ ..... ٥

ناگۆرنۆ قەرەباغ: لەنێوان مێژو و ئێستای کێشەکاندا ..... ٦

هۆکارەکانی ململانێی ئەرمینیاو ئازەربایجان لەسەر قەرەباغ ..... ١٠

رۆڵی وڵاتانی نێودەوڵەتی لەجەنگی قەرەباغدا ..... ١٣

تورکیا ..... ١٣

روسیا ..... ١٦

ئەمەریکا ..... ١٨

ئێران ..... ١٩

ئیسرائیل ..... ٢١

یەکێتی ئەوروپا ..... ٢٢

جەنگی ئەم دواییەی قەرەباغ و لێکەوتەکانی ..... ٢٢

سیناریۆ پێشبینیکراوەکان ..... ٣٢

دەرئەنجام ..... ٣٥

سەرچاوە ..... ٣٧

## پێشەکی

کێشەو قەیرانەکانی هەرێمی ناگۆرنۆ-قەرەباغ، هاوشێوەی زۆربەی کێشەکانی دیکەی ناوچەی قەوقاز، لەنمونەی کێشەی قرم و کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی جۆرجیا، لەئەنجامی دروستبون و لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت هاتوەتە ئاراوە. چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانەش، بەردەوام بونەتە هۆکاری دروستبونی قەیرانی نوێ، بۆ ناوچەکەو ئەوروپاو جیهان. بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی هەرێمی قەرەباغ ساڵانێکی زۆرە جەنگێکی دورودرێژ لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان بەرپابوە، بەڵام تائێستا جەنگەکە چارەنوسی ئەم ناوچەیەی دیارینەکردوە. هەردولاش بەردەوام لەهەوڵدان بۆ سەپاندنی سەروەری و هەژمونی خۆیان بەسەر ئەم هەرێمەدا.

ناکۆکی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان لەوە دەرچوە کەپەیوەست بێت بەدۆخی ئێستاوە، بەڵکو کێشەکە رەگێکی ریشەیی مێژویی و ئیتنی و دینی قوڵی هەیە، سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەناوچەکەدا، دواتریش تەقینەوەی ململانێکە لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان لەدەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوەوە کە تائێستاش بەردەوامی هەیە.

ئەوەی ئاستی کێشەی قەرەباغی لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا ئاڵۆزترکردوە، بریتییە لەدەستێوەردانی هێزە نێودەوڵەتییەکان و کردنی ئەم پرسە بە ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکی، بەجۆرێک هەر دەوڵەتێک لەبەرژەوەندی لایەنێکیان دەستێوەردان لەم کێشەیەدا دەکات، تەنانەت زۆرجار سنوری ئەم دو دەوڵەتە تێدەپەرێنێت، تورکیا، روسیا، ئەمەریکا، ئێران و یەکێتی ئەوروپا راستەخۆ دێنە نێو ململانێکەوە، وەک ئەوەی ئێستا لەسەر ئەرزی واقیعی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ رودەدات. بەڵام ئەم دەستێوەردانە نێودەوڵەتیانە، نەک کێشەکەی چارەسەر نەکردوە، بەڵکو بوەتە فاکتەرێک بۆ بەردەوامبونی ململانێ و ناوەناوە سەرهەڵدانەوەی جەنگ لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا. ئەنجامەکەشی بریتییە لە هێشتنەوەی کێشەکە بەبێ چارەسەر و کوژرانی هەزاران کەس وماڵوێران بون و ئاوارەبونی سەدان هەزار کەس لەسەر خاک و زێدی خۆیان.

لەئێستادا جەنگ و پێکدادانی سەربازی لەنێوان هێزەکانی سوپای ئازەربایجان و ئەرمینییەکانی هەرێمی ناگۆرنی قەرەباغ، بەنێوەندگیری روسیا راوەستاوە. بەڵام ئاگربەست و راگەیاندنی ئاشتی لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، شتێکی نوێ نییەو لەماوەی نزیکەی ٢٨ ساڵی رابردودا چەند جارێک تاقیکراوەتەوە، بەڵام بەردەوام ئاگربەست و راگەیاندنی ئاشتی بوەتە چارەسەرێکی کاتی. بەجۆرێک ئەو دۆخە دەرفەتی بەخشیوەتە یەکێک لەلایەنەکان، بۆ خۆرێکخستنەوەو نوێکردنەوەی کێشەکە، دواتریش دۆخەکە جارێکی دیکە لەنێوانیاندا تەقیوەتەوە. وەک ئەوەی ئەمجارە رویدا. ئازەربایجان دوای شکستی لەجەنگەکانی ساڵانی نەوەدەکاندا، چەند ساڵێک دواتر خۆیی رێکخستەوەو پەرەی

بەتوانایی سەربازی خۆیداو پەلاماری هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغی دایەوە، سەرئەنجام ئازەربایجان چارەنوسی جەنگەکەی ئەم دواییەی لەبەرژەوەندی خۆیی یەکلاکردەوە.

ئێمە لەمیانەی ئەم راپۆرتە شیکارییەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ناوەڕۆکی کێشەی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ، لەگەڵ ناساندنی ئەم هەرێمە، کەبوەتە خاڵی سەرەکی ناکۆکییەکانی ئێستاو رابردوی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان، لەگەڵ شیکردنەوەی هۆکارو مێژوی ململانێکانێ نێوان هەردو وڵات و رۆڵی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەکێشەکەدا، هاوکات نەدۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەرو خاڵی هاوبەش بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە کەزیاتر لەسەدەیەکە بەردەوامی هەیە. لەگەڵ باسکردنی جەنگی ئەم دواییەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیاو لێکەوتەو ئاسەوارەکانی جەنگەکە. دواجار هەوڵدەدەین سیناریۆ و پێشبینییە چاوەڕوانکراوەکان بۆ ئەم کێشەیەوە بخەینەڕو.

## ناسنامەی ناگۆرنۆ قەرەباغ

ناگۆرنۆ-قەرەباغ ، ناگۆرنۆ وشەیەکی روسییە بەواتای بەرزایی و چیا دێت. هاوکات قەرەباغ وشەییەکی تورکییە بەواتای باخچەی رەش دێت. قەرەباغ هەرێمێکە لەناوچەی قەوقازی باشور، لەروی جوگرافیاوە کەوتۆتە ناوجەرگەی ئازەربایجانەوە. لەچوارلاشەوە دەکەوێتە نێوان سنوری ئازەربایجان، ئەرمینیا، ئێران ، روسیا و تورکیا.

ناگۆرنۆ-قەرەباغ زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنیین. بە پێی دواین ئامار، ژمارەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە ١٥٠ هەزار کەس بون، لەو ژمارەیە رێژەی ٩٥% ئەرمەنی بون، ئەوانەی دیکەش سەر بەنەتەوەکانی دیکەبون[١]. ئەرمەنیەکان هەرێمەکەیان ناوناوە (ئارتساخ) بەواتای دارستانی خوداوەندی رۆژ. هاوکات ئازەرییەکانیش ناویان لەهەرێمەکە ناوە (یوخاری قەرە باغ) واتا رەشە باخچەی بەرز-بالا.

ناگۆرنۆ قەرەباغ لەبنەڕەتدا هەرێمێکە لەنێو سنوری جوگرافیای ئازەربایجاندا هەڵکەوتوە. پایەتەختەکەی (ستیبانکیرت)ە و ٢٧٠ کیلۆمەتر دورە لەباکۆی پایەتەختی ئازەربایجانەوە. روبەری قەرەباغ ٤٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، واتە لە ١٥%ی روبەری ئازەربایجان پێکدەهێنێت. قەرەباغ لەروی جوگرافییەوە خاوەن سروشتێکی شاخاوی و تۆبۆگرافیایەکی چیاییە. بەرزترین لوتکە چیای قەرەباغ، چیای گیامیشە کە بەرزییەکەی ٣٧٢٤ مەترە. هاوکات روباری میاها، دیارترین روباری هەرێمەکەیە، کەپرۆژەی کارۆئاوی لەسەر بونیادنراوە. سروشتی سەختی ناوچەکە وایکردوە کە ئەم هەرێمە کێشەی

[١] ناوچەکانی قەوقازو هەرێمی ناگۆرنی قەرەباغ، لەرابردودا جگە لەئەرمەنی و ئازەرەییەکان، ناوچەی نیشتەجێبونی کوردەکانی ئەو سنورەش بوە. بەشێکی ئەم ناوچەیە لەسەردەمی سۆڤییەتدا، بۆ ماوەی شەش ساڵ بوەتە هەرێمێکی خاوەن دەسەڵاتی خودموختاری و لەلایەن کوردەکانەوە بەرێوەبراوە. (عایشە حوری) رۆژنامەنوسی تورک لەمبارەیەوە دەڵێت: بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژویی بونی کورد لەم ناوچانەدا دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی نۆیەم و دەیەم. بەپێی هەندێک سەرچاوەی دیکەش بونی کورد لەناوچەی قەوقاز دەگەریتەوە بۆسەدەی شازدەو ئەوکات (شاعەباسی سەفەوی) لەپێناو دروستکردنی ناوچەیەکی جیاکەرەوە لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی ژمارەیەک هۆزی کوردی لەناوەی موسڵ و خۆراسانەوە هێناوەو لەناوچەکانی قەوقازدا جێگیریکردون.
دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر بەفەرمانی لینین، لەناوچە کوردنشینەکانی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان دەسەڵاتی بەخشییە کوردەکان و یەکەیەکی خۆبەرێوبەری پێ بەخشین، بەسەرۆکایەتی (حوسێ حاجییێڤ)، کوردەکانیش ناویان لێنا(کۆماری کوردستانی سور). پایەتەختەکەی شاری لاچین بو. شارەکانی (لاچین، کلبجار، زنگیلان، قوبادلو، شوشی) لەشارە گەورەکان ئەم کۆمارە بون. شارەکانی کلبجار و لاچین دو ناوچەی کوردی تەواوبون، کلبجار ٩٩.٥%ی دانیشتونەکەی و لاچین لە٩٩.٢% ی دانیشتوانەکەی لەوکاتەدا کورد بون. ئەوکات یەکێک لەئازەربایجان و ئەرمینیا رەخنەیان لەبریارەکەی مۆسکۆ نەگرت و، تەنانەت ئەرمینیا بە بڕیارەکە خۆشحاڵ بو، چونکە لەساڵی ١٩٢١ بەپێی رێککەوتننامەیەک بەفەرمانی مۆسکۆ دەستبەرداری ئەو ناوچەیە بوبو بۆ ئازەربایجان. بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٢٦ی یەکێتی سۆڤییەت، ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سور (٥١٢٠٠) کەس بوەو رێژەی کوردەکان لە ٧٣.١٪ بوەو ٢٦.٣٪ ئازەربایجانی بون و ئەوانی دیکەش ٠.٠٦٪ی دانیشتوانی هەرێمەکە بون. لەبەرواری ١٩٢٩.٤.٨ لەگەڵ گۆرینی بەرێوبەری ئیداری و سیاسی ئازەربایجان، کوردستانی سوریش بەفەرمانی ستالین هەڵوەشایەوە ناوچەکەیان خرایەوە سەر هەرێمی قەرەباغ. زۆرینەی دانیشتوانەکەشی راگوێزران بۆ ناوچەکانی دیکەی قەوقاز. بەو جۆرەش مێژوی شەش ساڵەی تەمەنی کوردستانی سور لەسەردەستی ستالین کۆتاییهات.

ڕێگاوبانی هەبێت. لەئێستادا تەنیا دو ڕێگەی سەرەکی هەیە، کە بەشە جیاوازەکانی هەرێمەکە لە هەر چوار جەمسەرییەوە پێکەوە گرێدەدات.

لەقەرەباغ، کەشوهەوا بەپێی بەرزو نزمی ناوچەکە لەباکورەوە بۆ باشور دەگۆڕێت، بەگشتی ئاووهەوای مامناوەندو فێنکە. ساڵانە ڕێژەی باران بارینی لەنێوان ٤٠٠ بۆ ٦٠٠ملم، لەناوچە شاخاویەکانیش دەگاتە ٨٠٠ ملم. ئەم سروشتەش وایکردوە کە کشتوکاڵ ببێتە سەرچاوەی یەکەمی بژێوی هاوڵاتیانی ئەو هەرێمە. بەتایبەت بەرهەمی دانەوێڵەو لۆکەو توتن و ڕەزداری. لەروی سەرچاوەی سروشتیشەوە ناوچەیەکی هەژارە، لەپاڵ کشتوکاڵیشدا هاوشێوەی ژیانی هاوڵاتیانی ناوچە شاخاوییەکان خەڵکەکەی خۆیان بەبابەتی ئاژەڵدارییشەوە سەرقاڵ کردوە. هاوکات هەندێک پیشەسازی بچوکیش لەهەرێمەکەدا ئەنجامدەدرێت لەنمونەی دروستکردنی خواردەمەنی و بەرهەمهێنانی شەراب و کاری دەستی و بەرهەمی خوری.

دەسەڵاتی هەرێمی قەرەباخ یان ئەوەی ئەرمەنییەکان بە ئارتساخ ناویدەبەن. لەروی سیاسیەوە، هەرێمی قەرەباغ لەساڵی ١٩٩٤ەوە سەربەخۆبونی لەئازەربایجان ڕاگەیاندوەو خۆیی بەهەرێمیکی کۆماریی، خاوەن سیستمی سەرۆکایەتی ناساندوە. بەڵام لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی دانی پێدانەنراوە، (تەنها حکومەتی ئەرمینیا دانیپێداناوە).

لەسیستمی سیاسی قەرەباغدا سەرۆک خاوەن زۆرینەی دەسەڵاتەکانەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت و دەتوانێت بۆ خولێکی دیکەش خۆی هەڵبژێرێتەوە. سەرۆک خۆی سەرۆکی وەزیران و وەزیرەکانی دەستنیشان دەکات و بۆ خۆشی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی قەرەباغ ڕەنگرێژ دەکات. حکومەتیش دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لەدەستدا کۆکراوەتەوەو لەبەردەم سەرۆک و پەرلەماندا بەرپرسە.

پەرلەمانی قەرەباغ ناودەبرێت بە (ئەنجومەنی یاسادانان)، لە ٣٣ ئەندام پێک دێت. یەکەم هەڵبژاردنی ئەم ئەنجومەنەش لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجامدراو ماوەی ئەندامێتی لەم ئەنجومەنەدا بۆ پێنج ساڵە و ئەندامەکانی لەرێگەی هەڵبژاردنی نهێنییەوە دەستنیشاندەکرێن.

## ناگۆرنۆ قەرەباغ: لەنێوان مێژو و ئێستای کێشەکاندا

بۆ تێگەیشتن لەهۆکارەکانی پشت جەنگی قەرەباغ لەئێستادا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژو و سەرەتای دروستبونی ئەم کێشەیە. ئەم هەرێمە لەسەدەکانی ڕابردودا، بەهۆی سنورە جوگرافییەکەیەوە بوەتە خاڵی بەریەککەوتن نێوان هەرسێ ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی، فارسەکان و ڕوسیای قەیسەر). هەرئەوەش وایکردوە ئەم هەرێمە بەردەوام ببێتە خاڵی ڕووبەڕووبەنەوەو پێکدادانی نێوان ئەم سێ ئیمپراتۆریەتەو هێزەکانی دیکە.

بەم هۆکارەش بەردەوام دانیشتوانی هەرێمەکە ئاوارەبون و ناوچەکانی قەرەباغیان جێهێشتوە. کۆچی بەکۆمەڵ و ئاوارەبونی دانیشتوانی قەرەباغ بەبەردەوامی، بوەتە هۆکاری ئەوەی کەهەمیشە رەچەڵەک و رەگەزی دانیشتوانی ئەم هەرێمە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازبێت.

قەرەباغ لەساڵی ١٨٠٥ بوە بەشێکی دانەبڕاو لەروسیا. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لەروسیا، قەرەباغ بوە بەشێک لەکۆمارەکانی ناوچەکانی قەوقازی باشور. یەک ساڵ دواتر جەنگ لە نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان لەسەر ئەم هەرێمە رویدا. لە تەموزی ١٩١٨دا یەکەم ئەنجومەنی ناگۆرنۆ-قەرەباغ دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری راگەیاندو حکومەت و ئەنجومەنێکی نیشتمانی پێکهێنا. لەکۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا عوسمانییەکان دەستیان بەسەر قەرەباغدا گرت، دواتر بەریتانیا پەلاماری ناوچەکەیداو لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا دەریهێنا. بەریتانییەکان کەسایەتییەکی ئازەرییان بەنێوی (خەسرۆ بەی سوڵتانۆڤ)، وەک پارێزگاری قەرەباغ و زەنگەزور دیاری کرد. ئەنجومەنی نیشتمانیی قەرەباغ بڕیارەکەی پەسەند کرد، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بەم بڕیارە رازی نەبون و لە دژی پارێزگارە ئازەربایجانییەکە راپەرین. بەمجۆرە شەڕ و پێکدادانی نێوان چەکدارە قەرەباغییەکان و ئازەرییەکان، تاوەکو نیسانی ساڵی ١٩٢٠ بەردەوامبو. سەرئەنجام دۆخەکە بەکۆنترۆڵکردنی ئازەربایجان لەلایەن روسیاوە کۆتایهات.

هەمان ساڵ، ئەرمینیا رێککەوتنێکی لەگەڵ روسیادا واژۆکرد، بۆ ئەوەی قەرەباغ بەشێوەیەکی کاتی بۆماوەیەک تا گەیشتن بە چارەسەرێکی یەکجاری لەژێر کۆنترۆڵی روسیادا بێت. دواتر لەساڵی ١٩٢١ ئەرمینیاو جۆرجیاش بەڕەسمی کەوتنە ژێردەستی روسیاو بون بەبەشێک لەیەکێتی سۆڤییەت.

لەوکاتەدا جۆزێف ستالینی سەرۆکی یەکێتی سۆڤییەت (١٩٢٢-١٩٥٣)، پەیرەوی لەسیاسەتی پەرتکردنی گروپ و کەمینە ئیتینیکییەکانی نێو کۆماری یەکێتی سۆڤەیتی دەکرد. بەجۆرێک ئامانج لەم سیاسەتە ئەوەبو کەهەمیشە کەمینەکان پێویستیان بەدەسەڵات و پارێزگاری مۆسکۆ هەبێت. ستالین ئەم سیاسەتەی بەرامبەر ئازەربایجان و ئەرمینیا پەیرەوکرد. بەجۆرێک لەساڵی ١٩٢٣ هەستا بەلکاندنی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ لەروی ئیدارییەوە بەئەرمینیاوە. لەبەرامبەردا بۆ دروستکردنی سیاسەتی ململانێی ئیتنیکی لەو نێوانەدا، هەستا بە لکاندنی هەرێمی ناختشیڤان (نەخچەوان)ی ئەرمینیا، لەروی ئیدارییەوە بۆسەر خاکی ئازەربایجان. لەکاتێکدا ناختشیڤان زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنی بون. لەلایەکی دیکەوە، لەساڵی ١٩٢٣ یەکێتی سۆڤییەت، یەکەی ئیداریی ئۆتۆنۆمی ناگۆرنۆ-قەرەباغی، لە نێو خاکی کۆماری ئازەربایجان دامەزراند، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٢٩ ئەم یەکە ئیدارییە روخێندراو دانیشتوانەکەی بۆ قوڵای روسیاو ناوچەکانی دیکەی سۆڤییەت راگوێزران.

بەمجۆرە ململانێکە پێی نایە قۆناغێکی دیکەوەو ئەرمینیاو ئازەربایجان کەوتنە شەرێکی سارد لەسەر ئەو دو هەرێمە. بەڵام بەهۆی ترس لەکاردانەوەی دەسەڵاتی ئەوکاتی سۆڤییەت بەرامبەریان، ململانێکەش بەشاراوەیی و بەساردی لەنێوانیاندابەو جۆرە مایەوە.

لەماوەی ساڵانی فەرمانرەوایی سۆڤییەت بەسەر ئازەربایجان و ئەرمینیاو هەرێمی قەرەباغ، بۆ ماوەیەکی درێژ کێشەی قەرەباغ کپ بویەوەو روبەروبونەوەو جەنگ لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ئەم هەرێمە روینەدا. تائەوکاتەی یەکێتیی سۆڤییەت روبەروی لاوازبون بویەوەو دواتر لەساڵی ١٩٩١ هەڵوەشایەوە. لەوکاتەدا بەتایبەت لەکۆتای هەشتاکاندا، ئەرمەنییەکانی قەرەباغ دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانیان بەوە تۆمەتباردەکرد کەدەستیانکردوە بەئازەریکردنی ناوچەکە. ئەرمەنەکانی قەرەباغ لەوکاتەدا هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوەیان ئەنجامدا بۆ چونە پاڵ ئەرمینیا، هاوکات ئەنجومەنی نوێنەرایەتی گەلی قەرەباغیش، جگە لەچەند ئەندامێکی ئازەریی ئەنجومەنەکە ناڕازیبون، بەڵام دواجار بڕیارەکە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، داوایان لە مۆسکۆ کرد ئیدارەکەیان بخاتە سەر کۆماری ئەرمینیا. بەڵام دەسەڵاتی ئەوکاتی سۆڤییەت ئەم داوایەی رەتکردەوە.

دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت لە ٢٥ی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٩١، وردە وردە کۆمارەکانی سەر بە یەکێتییەکە، لەژێر دەستەی یەکێتییەکەدا نەمانەوەو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. ئەوەبو لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا هەریەکە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان، سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند و هیچ پەیوەستییەکیان بە مۆسکۆوە نەما. هاوکات سەرکردەکانی هەرێمی قەرەباغ، ویستی خۆیان بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی سەربەخۆ لە هەرێمەکەدا راگەیاند، کە سەر بە ئەرمینیاو ئازەربایجان نەبێت. ئازەربایجان دژی راگەیاندنی سەربەخۆییەکە وەستایەوە، بەتایبەت لەوکاتەدا کە قەرەباغ لەژێر دەستی ئازەربایجاندا بو، لەیەکەم کاردانەوەیدا ئازەربایجان ئۆتۆنۆمی لەئیدارەی قەرەباغ سەندەوە. هەنگاوەکەشیان بەیاخیبون و جیابوونەوەی ناوبرد، بەپلانی ئەرمینیا. لەبەرامبەردا ئەرمینیا پشتیوانی خۆی بۆ بڕیارەکەی هەرێمی قەرەباغ راگەیاندو چەک و پارەی بۆ ناردن. ئازەربایجان ئەو هەنگاوەی ئەرمینیای بە هەڵگیرساندنی جەنگ ناوبرد. بەمجۆرە کێشەی ئەرمەنەکان و ئازەرییەکان لەسەر قەرەباغ دوبارە زیندو بویەوە. لێرەوە جەنگ لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسا. لەبەرەکانی جەنگەکەشدا سوپای ئازەربایجان لە لایەک و قەرەباغی و ئەرمەنییەکانی لەلایەکی دیکە بەرامبەر یەکدی وەستانەوە. لێرەوە جارێکی دیکە شەڕ و پێکدادان، لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، لەوانەش قەرەباغ، سەری هەڵدایەوە.

جەنگەکە لە ساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ساڵی ١٩٩٤ بەردەوامبو، سەرئەنجام ئازەربایجان رازی بوو بە نێوەندگیری روسیا دانوستاندن لەگەڵ قەرەباغییەکان بکات. لە ئاکامدا رێککەوتنی ئاگربەست، لەنێوان ئازەرییەکان و قەرەباغ لە ١٢ی ئایاری ١٩٩٤ لەژێر ناوی رێککەوتنی مێنسک کە ناوی پایتەختی بیلاروسیایە واژۆ کرا. جەنگەکە زیانی زۆری بە ئەرمینیا گەیاند. بەڵام قەرەباغیش نەخرایەوە ژێر دەسەڵاتی ئازەربایجان، هاوکات سوپای ئەرمینیا توانی جیا لە ناگۆرنۆ قەرەباغ، پێنج شاری دیکەی رۆژئاوای ئازەربایجان بگرێت، لەنێویاندا روبەری فراوانی شارەکانی ئاگدام و فزولی. بەکۆی گشتیش

ئەرمینیا لەپاڵ قەرەباغدا نزیکەی ٢٠٪ی خاکی ئازەربایجانیشی داگیرکرد. لەئەنجامی جەنگەکەشدا ٣٠هەزار کەس لەنێوان هەردولادا کوژران و سەدان هەزار کەسیش لەسەر زێدی خۆیان ئاوارە بون.

بەردەوامی پشتگیری روسیاش بۆ ئەرمینیا، بەتایبەت لەروی پشتیوانی سەربازییەوە، هۆکارێک بو، بۆ ئەو سەرکەوتنەی ئەرمینییەکان بەرامبەر بەئازەرییەکان لەو جەنگەدا.

دواتر هەریەکە لە فەرەنسا، روسیا و ئەمریکا بۆچارەسەری یەکجاری ئەم کێشەیە لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، کۆمەڵەی (مینسک)یان پێکهێنا، بەڵام دانوستانەکانی نێوانیان لەساڵی ٢٠١٠دا شکستیهێنا.

لەلایەکی دیکەوە سەرەرای واژۆکردنی ئەو ئاگربەستە لەنێوانیان، بەڵام ناوبەناو هەردولا پێشێلی ئاگربەستەکەیان دەکرد، بەنمونە لەمانگی ئابی ٢٠١٤ ژمارەیەک سەربازی ئازەربایجانی لەروبەروبونەوەی سەربازانی ئەرمەنیدا کوژران، لەمانگی تشرینی دوەمی هەمان ساڵدا هێزەکانی ئازەربایجان فرۆکەیەکی ئەرمەنیان خستە خوارەوەو لەئەنجامدا سێ سەربازی ئەرمەنی کوژران.

جارێکی دیکە لەساڵی ٢٠١٦ شەڕ و ئالۆزیی گەورە لەنێوان هەردولادا لەسەر قەرەباغ رویدایەوە، بەوهۆیەشەوە ١١٠ کەس لەهەردولا کوژران. سەرئەنجام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی گرد بۆ راگرتنی جەنگەکە.




**نەخشەی جوگرافی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ**

## هۆکارەکانی ململانێی ئەرمینیاو ئازەربایجان لەسەر قەرەباغ

جیا لەوهۆکارانەی کەباس دەکرێن دەربارەی ململانێی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان، مێژونوسان جیاوازی رەچەڵەک و ئاینی نێوان ئازەرو ئەرمەنییەکان، بەهۆکارێکی سەرەکی ململانێکان دادەنێن. پێیان وایە ئەوەی ئێستا رودەدات، درێژبونەوەی دوژمنایەتی رەگەزی و ئاینی نێوان ئەرمەن، ئازەری و تورکەکانە لەناوچەکەدا. ئەمانە ریشەی مێژوی دوژمنایەتی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان و تورکیا، دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەتایبەت ئەوکاتەی لەسەر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نزیکەی ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی جینۆسایدکران. ئاینیش بوەتە فاکتەرێکی دیکەی گەرمکردنی ململانێکە ئەرمینیا لە سەدەی چواردەوە بووەتە وڵاتێکی کریستیان و هاوڵاتیانی لەناو ئەرمیناو قەرەباغدا بەسەر هەردو مەزهەبی کاسۆلیک و ئەرسەدۆکسدا دابەش بون. ئازەرەیەکانیش لەهەرێمی قەرەبا غ و ئازەربایجان، موسڵمانن و زۆرینەشیان سەر بەمەزهەبی شیعەن.

هەندێکی دیکەش جەنگەکە بەجەنگێکی جیۆپۆڵەتیکی ناودەبەن کەتەنها پەیوەست نییە بە ئازەربایجان و ئەرمینیاوە، بەڵکو وڵاتانی دیکەی وەک تورکیا، روسیا، ئەمەریکا، ئێران و یەکێتی ئەوروپا بەجۆرێک لەجۆرەکان تیایدا بەشدارن و دەستیان تێیدایە.

بەڵام دیارترین هۆکاری ململانێکە لەپاڵ ئەو هۆکارانەی دیکەدا، پەیوەستە بەوەوە کە ناگۆرنۆ قەرەبا غ لە روی جوگرافیاوە، دەکەوێتە نێو سنورەکانی ئازەربایجان، بەڵام ٩٥%ی دانیشتوانەکەی ئەرمەنین و لەژێر دەستی ئەرمینیادایە. هەردو وڵاتی ئەرمینیاو ئازەربایجانیش بەمافی خۆیانی دەزانن ئەم هەرێمە بەفەرمی بخەنەوە سەر سنوری جوگرافیای وڵاتەکانیان.

لەلایەکی دیکەوە بەرژەوەندییە ئابورییەکان، فاکتەرێکی دیکەی شەرو ململانێی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیایە، ئازەربایجان بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ئەوەی کەئەرمینیا سود لە هیچ پرۆژەیەکی ئابوری ناوچەکە وەرنەگرێت، بەتایبەت ئەوەی کەپەیوەستە بەگواستنەوەی نەوت و گاز لەرێگەی بۆرییەوە بۆ ئەوروپا. کەلەبنەرەتدا ئەو بۆرییانە بە سنوری نێوان ئازەربایجان و جۆرجیادا دەپەڕنەوە بۆ تورکیاو ئەوروپا.

ئەرمینیا لەئێستادا روبەروی کۆمەڵێک ئابڵوقەی ئابوری بوەتەوەو زۆرینەی دەروازە سنورییەکەی بەرودا داخراوە، بەنمونە تورکیاو ئازەربایجان سنورەکانی خۆیان بەرودا داخستوە، ئەرمینیاش هیچ سنورو دەرچەیەکی دەریای نییە، بەم هۆیەش تەنها چەند سنورێکی کورت و دەروازەیەکی کەمی بەدەستەوە ماون، لە باشورەوە لەگەڵ ئێران و لە باکورەوە لەگەڵ جۆرجیا. بەم هۆکارەش ماوەیەکی درێژە ئەرمینیا و هەرێمی قەرەبا غ، لەدۆخێکی خراپی ئابوریدا دەژین.

لە روی ئابورییەوە ئازەربایجان ٩٠%ی داهاتی خۆی لە نەوت و گازەوە بەدەستدەخات. لەبەرامبەردا ئەرمینیا پشت بە هەناردەکردنی کانزاکان دەبەستێت. هاوکات کەرتی پیشەسازیی پێکهێنەری سەرەکی بەرهەمی ناوخۆیی ئەرمینیایە، کە دەگاتە ١٤ ملیار دۆلار.

ئازەربایجان خاوەنی ١٠ ملیۆن هاونیشتمانییە، ئەرمینیا تەنیا ٣ ملیۆن دانیشتوی هەیە. ئازەربایجان داهاتی بەرهەمی ناوخۆیی زیاتر لە ٤٧ ملیار دۆلارە، بەڵام داهاتی تاک لە هەردوو وڵاتدا نزیکە لەیەک و ٤.٦ هەزار دۆلارە لە ساڵێکدا.

لەبەرامبەردا هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ، هەرێمێکی هەژارە لەروی سەرچاوەی سروشتییەوە، بەڵام بەهۆی بایەخی ستراتیژی هەرێمەکە بۆ هەردو وڵات، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئازەربایجان و ئەرمینیا شەڕی لەسەر بکەن.

**نەخشەی جوگرافیای ئازەربایجان و ئەرمینیاو هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ**






| ئەرمینیا | زانیاری بنەڕەتی | ئازەربایجان |
|---|---|---|
| 3.2 ملیۆن کەس | ژمارەی دانیشتوان | 9.98 ملیۆن کەس |
| 29.743 کیلۆمەتر دوجا | قەبارەی زەوی | 86.600 کیلۆمەتر دوجا |
| یەریڤان | پایتەخت | باکۆ |
| ئەرمینی | زمانی فەرمی | ئازەری |
| مەسیحی | ئاین | ئیسلام (زۆرینە شیعە) |
| 21 ئەیلولی 1991 | رۆژی سەربەخۆبون | 30 ئابی 1991 |
| درام | دراو | مانات |
| 1.5 ملیۆن کەس | دەستی کار | 5.1 ملیۆن کەس |
| 12.4 ملیار دۆلار | بڕی بەرهەمی ناوخۆ | 46.94 ملیار دۆلار |
| 10.4 ملیارات دۆلار | قەرزی دەرەکی | 17.4 ملیارات دۆلار |
| کانزاکان: ئاسن و ئەڵماس بەرهەمی خۆراکی | هەناردەی سەرەکی | گازو نەوت و ئاسن |

سەرچاوە: بانکی نێودەوڵەتی — گەیلان عەباس- ژوری توێژینەوەکان

## ڕۆڵی وڵاتانی نێودەوڵەتی لەجەنگی قەرەباغدا

- **تورکیا**

تورکیا لەساڵی ٢٠١١ەوە بەرەسمی هاوپەیمانی هاوبەشی ستراتیژی و هاوکاری دولایەنەی لەگەڵ ئازەربایجاندا بەستوە. تورکیا بەهۆکاری مێژویی و ئیتنی و ئاینی و ئابوری، پشتیوانی لەئازەربایجان دەکات. تورکیا لەکاتی ئێستادا جیاواز لەدەوڵەتانی دیکە، بەئاشکرا پشتیوانی خۆیی بۆ ئازەربایجان دەردەبڕێت. تەنانەت لەسەر ئەرزی واقیع و لەم جەنگەی ئەم دواییەدا لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان بەڕێوەدەچێت، ڕۆژانە هاوکاری و پشتیوانی سەربازی پێشکەشی ئازەربایجان دەکات. لەبەرامبەردا تورکیا لەگەڵ ئەرمینیا هیچ پەیوەندیەکی نییەو دوای سەربەخۆبونی ئەرمینیاش لەساڵی ١٩٩١ەوە، سنورەکانی خۆی بەدرێژایی ٦٠٠ کیلۆمەتر بەروی ئەرمینیادا داخستوە.

وەک ئاشکرایە، ئازەرییەکان لەروی ئاینەوە، زۆرینەیان شیعەن و ١٥%ی هاوڵاتیانی ئازەربایجانیش سەر بەمەزهەبی سونەن. ئازەرییەکان بەزمانێکی زۆر نزیک لە زمانی تورکی قسە دەکەن، بەهەندێک جیاوازی زۆر کەمەوە. تورکیاش پرسی ئیتنی و زمان و ئاینی کردوەتە هۆکاری لێکنزیکی و هاوپەیمانێتی نێوانیان. لەمبارەیەوە سیاسەتمەدارانی تورک و ئازەر رستەیەکیان کردوەتە وێردی سەرزمانیان کەدەڵێن (ئێمە یەک گەلین لەدو دەوڵەتدا دەژین). خاڵێکی دیکەی لێکنزیکی نێوان تورکیاو ئازەربایجان، دەسەڵاتی ئازەربایجان بەدەست خێزانێکەوەیە کەموسڵمانن و بەمەزهەب سونەن، ئەمەش ئاستی پشتیوانییەکانی تورکیای بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەواکانی ئازەربایجان زیادکردوە.

یەکێکی دیکە لەهۆکارەکانی پشتیوانی تورکیا بۆ ئازەربایجان و نەبونی پەیوەندی لەنێوان تورکیاو ئەرمینیا، پەیوەندیدارە بەو رق و کینەو دوژمنایەتییە مێژوییەی لە نێوان تورک و ئەرمەن لەلایەک و ئازەرەو ئەرمەنەکان هەیە لەلایەکی دیکەوە. ئەوەش بەتایبەتی پەیوەستە بە جینۆسایدی نزیکەی ملیۆن و نیوێک ئەرمینی، لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەسەر دەستی تورکەکان. بەم هۆکارە تورکیا بڕیاریداوە پشتگیری لەئازەربایجان بکات و دۆسێی قەرەباغ بکاتە کارتێکی فشار لەسەر ئەرمینیا. هەر ئەمەش وایکرد، دوای جیابونەوەی ئازەربایجان لەیەکێتی سۆڤییەت، تورکیا بوە یەکەم وڵات، کەلە ساڵی ١٩٩١دا دانبنێت بەسەربەخۆیی ئازەربایجاندا. لەئێستاشدا تورکیا بەئاشکرا رایگەیاندوە، ئەوان بەهەمو ڕێگەیەک هاوکاری ئازەربایجان دەکەن، بەوپێیەی ئەرمینیا بوەتە مەترسیی بۆسەر سەقامگیری ناوچەی قەوقاز، ئەوەش هۆکاری پشتیوانی تورکیایە لە ئازەربایجان.

کارتی ئابوری و پرسی گازی سروشتی کارتێکی سەرەکی پشتیوانی تورکیایە بۆ ئازەربایجان، ئازەربایجان بۆ تورکیا ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژییە، بەوپێیەی ئازەربایجان دەروازەیەکی کراوەیە بەروی تورکیادا، بەتایبەت کە تورکیا لەروی نەخشەی جیۆپۆلتیکی ناوچەکەوە لەلایەن هەریەک لە

روسیاو ئێران و ئەرمینیاوە دەوردراوە. ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزی ئابوری و بازرگانی لەنێوان تورکیاو ئازەربایجاندا دروستکردوە. بۆ نمونە لەساڵی ٢٠١٥دا بری مامەڵەی بازرگانی نێوان تورکیاو ئازەربایجان لەنزیکەی (٣.٥) ملیار دۆلاردا بوە. هاوکات لە ئازەربایجاندا زیاتر لە ٢٦٦٥ کۆمپانیای تورکی خەریکی کاری وەبەرهێنانن. ئەوە جگە لەوەی تورکیا لەساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٥ نزیکەی (٣٢٠) ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاری گەشەپێدانی پرۆژەکان بەخشیوەتە ئازەربایجان. لەوپێناوەشدا ژمارەیەک دامەزراوەی هەماهەنگی ئابوریان لەنێوانیاندا دروستکردوە، لەوانەش لیژنەی ئابوری هاوبەش و ئەنجومەنی هاوکاری ستراتیژی.

لەلایەکی دیکەوە، ساڵانێکە بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەی هاوردە کردنی گازی سروشتی دەگەرێت بۆ وڵاتەکەی جیاواز لە روسیاو ئێران. بەنمونە ئەنقەرە نزیکەی ٥٥٪ پێداویستی گازی سروشتی لەروسیا و ١٦٪ لەئێران و ١٣٪ لە ئازەربایجانەوە هاوردە دەکات. بەڵام پلانەکە بەوجۆرەیە کە تورکیا دەخوازێت لەداهاتویەکی نزیکدا گازی ئازەربایجان بکاتە جێگرەوەی گازی روسی.

وابریارە لەداهاتوشدا هێڵی گازی سروشتی ناوچەکانی قەوقاز (ئازەربایجان)، لەرێگەی ئەنادۆڵی تورکیاوە بگوازرێتەوە بۆ ئەوروپا. پرۆژەکەش بە (تاناب) ناسراوە. ئەمە لەلایەک دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی گازی سروشتی بۆ ئەنقەرە، بۆ ئەوەی چیتر بەو رێژە زۆرە پشت بەگازی روسیا نەبەستێت، هاوکات دەتوانێت وەرزانە باجی ئەو بڕییە گازیانە لەوڵاتانی بەرهەمهێنەری گازەکە وەربگیرێت، ئەوە جگە لەوەی دەتوانێت ئەم بڕیانە بکاتە کارتێکی فشاری سیاسی و بەرامبەر بەوڵاتانەی ئەوروپا بەکاری بهێنێت. چاوەروانیش دەکرێت پشکی تورکیا لەم پرۆژەیە لە (حەوت ملیار مەتر سێجا) لەکاتی ئێستادا، بەرزبێتەوە بۆ(٣١ ملیار مەتر سێجا) لەساڵی ٢٠٢٦دا. واتە لەگەڵ چونە بواری جێبەجێکردنی پرۆژەکەو دەستکردنی بە بەرهەمهێنان.

بەهۆی دابینکردنی گازی ئازەربایجانەوە لە رێگەی هێڵی ئەنادۆڵەوە، تورکیا خەرجییەکانی خۆی لە گازدا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردووەتەوە. هەلی قوڵبونەوە و فراوانتربوونی گرێبەستی گازی ئازەربایجان بۆ تورکیا فراوانتر دەبێت لە ٢٠٢١دا، چونکە لەو ساڵەدا گرێبەستی نێوان تورکیا و روسیا بۆ فرۆشتنی گاز تەواو دەبێت و دەکرێ ئەنقەرە، رووگەی کڕینی گازی خۆی، بەتەواوی روو لە باکۆ بکات لە بری مۆسکۆ. ئەمە بازاڕێکی باشی گاز لەدەستی رووسیا دەدات.

ئەو هێڵەی گازی ئازەربایجان بۆ تورکیا دەگوازێتەوە، ناوی هێڵی (باکۆ-تیبلیسی-ئەرزەڕۆم)ە. هێڵەکە بە ناوچەی تۆقۆزی ئازەربایجاندا تێدەپەڕێت و ئەو ناوچەیە لەئێستادا هاوسنوری ناوچەی تاقۆشە لە ئەرمینیا، کە پێکدادانەکانی تێدا رودەدەن.

لەئێستادا هاوپەیمانێتی تورکیا لەگەڵ ئازەربایجان، لەچوارچێوەیەکی یاساییدا رێکخراوە. بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان، دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا مەشق و هاوکاریکری لۆجستی

پێشکەشی دامەزراوەی سەربازیی و سوپای ئازەربایجان دەکەن. بەنمونە تورکیا پشتیوانی یەکە سەربازییە ئازەریەکانی هەرێمی خۆبەڕێوبەری نەخچەوانی کرد کە لەساڵی ٢٠١٣ لەژێر ناوی سوپای هاوبەشی تایبەت رێکخران. لەساڵی ٢٠١٤ەوە وەزیرانی بەرگری هەرسێ وڵاتی تورکیاو ئازەربایجان و جۆرجیا، کۆبونەوەی دەوری رێکدەخەن. هاوکات خاڵێکی دیکەی نێو رێکەوتنی ستراتیژی نێوانیان ئەوەیە کە تورکیاو ئازەربایجان، پشتیوانی یەکتر بکەن بۆ بەرگری لەخۆکردن ئەگەر پێویستیکرد. لەم نێوانەشدا دەکرێت هەردوو وڵات، سود لەتوانای سەربازی یەکتر وەربگرن و بۆ هاوکاری یەکتر بەکاریبهێنن. لەم دو رێگەیەشەوە تورکیا بەئاشکراو راستەوخۆ دەستی خستوەتە نێو جەنگ و ململانێیی ئازەربایجان و ئەرمینیاوەو بەبەرچاوی دونیاوە پشتیوانی فیعلی پێشکەشی ئازەربایجان دەکات. بەگوتەی خۆیان پشتوانییەکەشیان بۆ ئەوەیە کە ئازەربایجان خاکە داگیرکراوەکەی لەدەست ئەرمینیا دەربهێنێتەوە.

تەنانەت سەرچاوە هەواڵییەکانی ئەرمینیا لەوانەش (ئەرمەن پرێس) لەزاری باڵوێزی ئەرمینیا لەمۆسکۆ رایگەیاند:تورکیا جگە لەناردنی شارەزای سەربازی، هاوکات نزیکەی چوار هەزار چەکداری بەکرێگیراوی سوری (ئەندامی ریزەکانی سوپای سوریای نیشتیمانی)، رەوانەی ئازەربایجان کردوە، بۆ پشتگیری هێزەکانی ئازەربایجان، هاوشێوەی ئەو هەنگاوەی پێشتر لەجەنگی ناوخۆیی لیبیا بۆ پشتوانی لەحیزبی ویفاقی لیبی ئەنجامیدا. ئەو ئاژانسییە هەواڵییە باسی لەوەشکرد کە بەکرێگیراوە سورییەکانی تورکیا، تەنانەت بەشدارییان لە شەڕەکانی ئەم دوایەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیادا کردوەو ژمارەیەکیان لێکوژراون. بەڵام هاوکاری سەرۆکی ئازەربایجان بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە (حیکمەت حاجییڤ) ئەم هەواڵەی رەتکردەوەو رایگەیاند کەئەوان بەشی ئەوە سەربازو هێزییان هەیە کەپێویستیان بەهاوکاری کەسی دیکە نەبێت.

دەربارەی ئەم بابەتەش هەریەک لەروانگەی سوری بۆ مافی مرۆڤ و رۆژنامەکانی (رۆیتەرز و گاردیان) راستی ئەم بابەتایەن پشت راستکردوە. بەنمونە  روانگەی سوری رایگەیاندوە:" لەگروپی یەکەمدا ٥٠٠ چەکداری فیرقەی (سوڵتان مورادو حەمزە) بەرابەرایەتی دو سەرکردەی سوپای سوریای نیشتیمانی بەناوەکانی (فەهیم عیسا و سەیف ئەبو بەکر) لەسوریاوە گەیشتونەتە ئازەربایجان.

لەلایەکی دیکەوە گاردیان لێدوانی لەسێ لەوچەکدارانە وەرگرتوە کەئامادەکراون بۆ رۆیشتن بەرەو ئازەربایجان. ئەوان باسیان لەوەکردوە کە نزیکەی ٥٠٠ چەکدارن لەسوریاوە دەچن بۆ تورکیاوە لەوێوە دەگەنەئازەربایجان. ئەوان گوتویانە ئەرکی ئێمە پاراستنی ناوچەو بیرەکانی نەوت و گازی ئازەربایجانە، بۆماوەی سێ بۆ شەش مانگ، بەرامبەر بە وەرگرتنی ٧٠٠-١٠٠٠ دۆلاری موچەی مانگانە.

## • روسیا

ناوچەکانی باشوری قەوقاز (ئەرمینیا، ئازەربایجان و جۆرجیا)، ناوچەی قوڵایی ستراتیژیە بۆ روسیا، هاوکات وەک باخچەی پشتەوەی روسیا ناودەبرێت، کەناکرێت روسیا چاو لەسەقامگیری و ئاسایشی ئەو ئەم ناوچەیە بپۆشێت. ئەوە جگە لەوەی روسیا بەردەوام ئەم ناوچانە وەک بەشێک لەمیراتی روسیای قەیسەرو یەکێتی سۆڤییەت تەماشا دەکات.

لەم سۆنگەیەوە روسیا بوەتە یەکێک لەو دەوڵەتانەی کەبەنێوەندگیری نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا ناسراوەو پەیوەندی لەگەڵ هەردو وڵاتدا هەیە. هەر لەو پێناوەشدا لەساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ فەرەنساو ئەمەریکا (کۆمەڵەی مینسک[٢])یان دروستکرد بۆ راگەیاندن و سەرپەرشتی ئاگربەست لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا روسیا لەگەڵ ئەرمینیا پەیوەندییەکانی پتەوترە. ئەوەش بەتایبەت دوای یەکلابونەوەی ئازەربایجان بەلای تورکیادا، لەئێستادا روسیا پێویستی بەوەیە ئەرمینیا روبەروی ئازەربایجان و تورکیا بوەستێتەوە لەناوچەکەدا. ئەوەش لەپێناو هێشتنەوەی هەژمون خۆی بەسەر ناوچەی قەوقازدا. روسیا هیچ سنورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەرمینیادا نییە، بەڵام ئەرمینیا رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لەوەی ناوچەی قەوقازی باشور لەژێر چاودێریی راستەوخۆی روسیادا بهێڵێتەوە، بۆئەوەی ناوچەکانی نێوان دەریای قەزوین و دەریای رەش لەژێر کۆنترۆڵی مۆسکۆدا بمێننەوە.

لەلایەکی دیکەوە کێشەی مێژوی نێوان تورکیاو ئەرمینیاش، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئەرمینیا خۆی بکاتە هاوپەیمانی درێژخایەنی روسیا. ئەرمینیا لە روی پشتیوانی سەربازییەوە زۆر پێویستی بە روسیا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرامبەر ئازەربایجان بوەستێتەوە. لەم پێناوەشدا ئەرمینیا بوەتە ئەندامی چەندین هاوپەیمانێتی ناوچەکە، کە مۆسکۆ سەرپەرشتییان دەکات. دیارترینیان رێکخراوی پەیماننامەی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە. کەپێکهاتوە لەبەشێک لەکۆمارەکانی پێشوی یەکێتی سۆڤییەت. (لەساڵی ١٩٩٩ هەریەک لە ئازەربایجان و جۆرجیا لەم رێکخراوە کشانەوە). لەلەیەکی دیکەوە ئەرمینیا هێندە مەیلی بەلای روسیادا هەیە کەتەنانەت دەستپێشخەریەکی رێکخراوی یەکێتی ئەوروپای

٢. کۆمەڵەی "مینسک: ئەم کۆمەڵەیە لەئەنجامی رێککەوتنی ئاگربەستی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، بەسەرپەرشتی یەکێتی ئەروپا لەئایاری ساڵی ١٩٩٤ لەسەر خاکی منسکی بیلاروسیا دروستبو. ئەندامانی کۆمەڵەکە پێکدێت دیپلۆماتکارانی روسیاو فەرەنساو ئەمریکا، ئامانجی کۆمەڵەکە بۆ راگرتنی جەنگ و ئاگربەست لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیاو سەرپەرشتیکردنی ئاگربەستەکە لەنێوانیاندا. ئەم کۆمەڵەیە بەردەوام هەوڵی نێوەندگیری و لێکنزیکردنەوەو دانوستان دەدات، لە نێوان یەریڤان و باکۆدا. بۆ ئەوەی کێشەکانیان بەرێگەی ئاشتی و دور لەجەنگ چارەسەر بکەن. بەڵام تائێستا هەرسێ لایەنی کۆمەڵەی مینسک نەیانتوانیوە چارەسەرێکی درێژ مەودا بۆ ئەم قەیرانە بدۆزنەوە. هەر ئەمەش دەرگای رەخنەی لەم کۆمەلەیە کردوەتەوە. بەتایبەت لەلایەن ئازەربایجان و تورکیاوە، کەکۆمەڵەکە بەلایەنگری ئەرمینیا ناوزەد دەکەن.

ڕەتکردەوە بۆ وەرگرتنی سیفەتی ئەندامی بەشدار لەڕێکخراوەکەدا. هەر هێندە نا بەڵکو ئەرمینیا لەساڵی ٢٠١٤ پەیوەندیکرد بەڕێکخراوی یەکێتی ئابوری ئۆراسیاوە بەسەرۆکایەتی روسیا.

لەلایەکی دیکەوە، روسیاو ئەرمینیا ڕێککەوتنێکی ٤٩ ساڵە هەیە لەنێوانیاندا، کە ڕێگە بە هێزەکانی روسیا دەدات لە ئەرمینیا جێگیر بکرێن. هاوکات لەدیسەمبەری ساڵی ٢٠١٥دا ڕێککەوتنێک لەنێوان ئەرمینیاو روسیادا واژۆکرا، سەبارەت بەیەکخستنی سیستمی ئاسمانی لەنێوان هەردو وڵاتداو لەژێر سایەی سەرکردایەکی هاوبەشدا. لەشوباتی ٢٠١٦داروسیا پێشینەیەکی بەبەهای (٢٠٠)ملیۆن دۆلار بەخشییە ئەرمینیا بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی سەربازی و کرینی کەرەستەی نوێی جەنگی، لەنمونەی فرۆکەی شەڕکەری جۆری (SU-30SM)، ئەوەش لەپێناو گەشەپێدان بە توانای سەربازی ئەرمینیا.

روسیا لەگەڵ دانانی بنکەی سەربازی لە سوریا، هاوکات بنکە سەربازییەکانی خۆیی لە ئەرمینیا بەهێزتر کرد. لەئێستاشدا روسیا لەناوچەکانی (ئیربۆنی و گیومری) لەنزیک سنوری تورکیا، خاوەنی دو گەورەترین بنکەی سەربازییە. تەنانەت فرۆکەی لەجۆری میکۆیان (MIG-29) و سوخۆی -SS) (26 لەنێو بنکە سەربازییەکانیشیدا جێگیرکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا، روسیا ژمارەیەک سیستەمی دژە فڕۆکەشی لەخاکی ئەرمینیادا جێگیرکردوەو فرۆکەکانی کۆنترۆڵی ئاسمانی ئەرمینیاشیان کردوە.

لەئێستادا ئەرمینیا بەهاوبەشێکی ستراتیژی گرنگی روسیا هەژمار دەکرێت. بەتایبەت لەروی سیاسی و سەربازی و ئابوریی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشەوە. لەئێستادا ڕۆژ بەرۆژ ژمارەی ئەرمینیەکانی روسیا لەزیادبوندایە، بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی روسیا لەساڵی ٢٠٠٢ ژمارەی ئەرمەنەکانی روسیا ١.٣ ملیۆن کەس بون، بەپێی نوێترین سەرژمێریش ژمارەکەیان گەیشتوەتە ٢ ملیۆن کەس. ئەمەش وایکردوە لۆبی ئەرمەنی لەناو روسیادا بەهێزترین لۆبی بێت لەجیهاندا.

لەروی ئابورییەوە یەریڤان هاوپەیمانێکی گرنگی ئابوریی روسیایە، بەو هۆکارەی کەروسیا هەژموونێکی زۆری بەسەر ئابوری و کەرتی وزەی ئەرمینیاوە هەیە. لەلایەکی دیکەوە قەبارەی وەبەرهێنانی روسیا لەئەرمینیا، چوار ملیار یۆرۆیە. ئەمە لەکۆی ٤٠%ی وەبەرهێنانی بیانییە لە ئەرمینیادا.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندی روسیا لەوەدایە کە پەیوەندی لەگەڵ هەردوولادا هەبێت، چونکە ئەو پێویستی بە ئەرمینیایە وەک هاوپەیمانێکی باو، هەروەها بە ئازەربایجانیش وەک وڵاتێکی خاوەن پێگەیەکی جوگرافی و سیاسیی گرنگ. روسیا ترسی ئەوەشی هەیە کە ئەرمینیا بەفشاری لۆبی ئەرمینی لەئەمەریکا و یەکێتی ئەروپا، ئەرمینیا لە هاوپەیمانی ناتۆ نزیک ببێتەوە. بۆیە هەندێکجار روسیا، ئازەربایجان دەکاتە کارتێکی فشار لەسەر ئەرمینیا، بەنمونە لەڕێگەی فرۆشتنی چەک بەباکۆ، یەریڤان ناچار دەکات بۆ ئەوەی بیر لەدورکەتنەوە نەکاتەوە لەروسیا. جگە لەمەش روسیاو ئازەربایجان لە

چەندین بواردا پەیوەندییان هەیە، لە ئاسایشەوە تاوەکو وزە، ئەوە جیا لە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی دەریای قەزوین و پرۆژەکانی گواستنەوە.

بەرژەوەندیی روسیا ناخوازێت کەجەنگی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بەردەوامبێت. روسیا پێویستی بەمانەوەیە لە ناوچەی قەوقازدا لەگەڵ بەردەوامبونی لەگەڵ هەردوو وڵاتدا. روسیا تەنانەت چەک بە هەردولاش دەفرۆشێت. بەنمونە پەیمانگای ستۆکۆڵم بۆ ئاشتی لەراپۆرتێکیدا ئاشکرایکردوە کە روسیا هەناردەکەری سەرەکی پرۆژەی گەشەپێدانی تواناى سەربازی ئازەربایجانە، بەجۆرێک کە ئازەربایجان نزیکەی ٨٥٪ی چەک و کەرەستە سەربازییەکانی لەروسیاوە هاوردەدەکات.

لەبەرامبەردا، روسیا ٩٤٪ی کۆی چەکی سوپای ئەرمینیا دابیندەکات، لەنێویاندا فرۆکەکانی سۆخۆی ٣٠. لە ١٩ی ساڵی ٢٠١٩ (سێرج سرکەسیان) سەرۆکی پێشوی ئەرمینیا رایگەیاند:"روسیا زیاتر لە٥٠ هەزار تەن چەکی بۆ ئەرمینیا رەوانەکردوە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٨. ئەوە جگە لەپێدانی قەرز بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی سەربازی، بەنمونە ساڵی ٢٠١٥ روسیا بری ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری بەخشوەتە حکومەتی ئەرمینیا بۆ کرینی چەک لەروسیا بەنرخی بازاری روسی. لەهەمان کاتدا ٣١%ی چەکی سوپای ئازەربایجان، رووسیا دابینی دەکات.

بۆیە لەواقیعدا زیاتر رۆڵی ناوبژیوان دەبینێت و هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کە ئەم دو وڵاتە رێکبخاتەوەو جەنگ بوەستێنێت، لەوپێناوەشدا لەدوای دروستبونی جەنگەکەوە زیاد لەچوار جار لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی هەرد وڵات کۆبوەتەوەو بە نێوەندگیری روسیا سێجار ئاگربەستی کاتی لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا راگەیەندراوە. دواین هەوڵێشی خۆیی بینییەوە لەکۆکردنەوەی هەردو وڵات لەسەر مێزی گفتوگۆو بەئەنجامگەیاندنی رێککەوتننامەی ئاگربەست و ئاشتی و راگرتنی جەنگ، لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان لە رۆژی ٩ی تشرینی دوەمی ٢٠٢٠دا.

## • ئەمەریکا

ئەمەریکا یەکێکی دیکەیە لەوڵاتانی ئەندامی کۆمەڵەی مینسک، لەپێناو نێوەدندگیری لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا. ئەوە جگە لەهەوڵدانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەو نێوانەدا. هەرچەندە ئەمەریکا وەک هاوبەشێکی سیاسی و ئابوری لەناوچەکەدا لەئازەربایجان دەروانێت، هاوکات بەدەروازەیەکی دادەنێت لەنێوان ئەوروپاو بازارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئاسیای ناوەراست، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی سامانە سروشتییەکان بەتایبەتی نەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار پەیوەندییەکانی واشنتۆن و باکۆ گرژی بەخۆیەوە دەبینێت. ئەمەش بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەبەهێزی رۆڵی لۆبی ئەرمەنی بەتایبەت لەنێو کۆنگرێسی ئەمەریکادا. بەنمونە لەجەنگەکانی ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٤

کاتێک کۆشکی سپی ئەمەریکا سەرەکۆنەی داگیرکردنی بەشێک لەخاکی ئازەربایجان و ئاوارەبونی ئازەرەییەکانی کرد، لەلایەن ئەرمینیاوە. لەوکاتەدا کۆنگرێش رەزامەن نەبو لەسەر پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بەئازەربایجان.

هاوکات کۆنگرێسی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٩٢ بڕیاریدا کۆمەکی ئەرمینیا بکات، بەهای کۆمەکەکە، هێندەی بودجەی ئەرمینیا بو، بەوجۆرە ئەرمینیا لەدوای ئیسرائیلەوە بوە دوەم دەوڵەتی سودمەند لەهاوکارییەکانی ئەمەریکا. لەبەرەمبەردا ئازەربایجان تاکە دەوڵەت بو کە لەدوای روخانی یەکێتی سۆڤییەتەوە هاوکاری ئەمەریکای وەرنەگرتوە. بەڵام بەئێستاشەوە ئەمەریکا بەهۆکاری بەهێزی لۆبی ئەرمەنی لەنێو کۆنگرێسدا لەسەر هاوکاریکردنی ئەرمینیا بەردەوامە. بەم جۆرە لۆبی ئەرمەنی هەمیشە بوەتە هۆکار بۆ دروستکردنی  گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان باکۆ و واشنتۆندا.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کەچیتر ئەمەریکا ناتوانێت، پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئازەربایجاندا دروستبکات. بەپێچەوانەوە، ئەمەریکا لەناوچەکەدا پێویستی بەئازەربایجانە، بەتایبەتی کەدەتوانێت لەرێی ئازەربایجانەوە جارجار، فشار بۆسەر روسیاو ئێران لەناوچەکەدا دروستبکات. تەنانەت لەماوەی رابردوشدا باس لەوەدەکرا کەئەمەریکا خواستی هەیە لەداهاتودا بنکەیەکی سەربازی لەئازەربایجان دروستبکات، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریای قەزوین و کەمکردنەوەی هەژمونی ئێران بەسەر ناوچەکەدا.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا بەردەوام ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی وەک روسیاو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەت لەکاتی جەنگ و ململانێکانی ئەرمینیاو ئازەربایجان، هەوڵدەدات رۆڵی نێوەندگیر ببینێت.

- ## ئێران

ئێران هاوسنوری هەردو وڵاتی ئازەربایجان و ئەرمینیایە. واتە سنوری هاوبەشی لەگەڵ هەردو وڵاتدا هەیە. بێگومان دروستبونی هەر گرژی و ئاڵۆزی و گۆرانکارییەک لەو دوڵاتەدا، بەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری بۆسەر ئێران دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، ئازەرەییەکان لەدوای فارسەکان لەئێراندا بەدوەم نەتەوە دادەنرێن. لەئێستادا بەنزیکەی (١٥-٢٠)[٣] ملیۆن ئازەری لەسنورەکانی باکورو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەژین ئەمەش بەرامبەرە بەرێژەی (٢٠% -٢٢%)ی کۆی دانیشتوانی ئێران. هاوکات زیاتر لە ١٢٠ هەزار هاوڵاتی ئەرمەنیش لەئێراندا دەژین. بۆیە هەرکات ململانێی ئەرمینیاو

[٣] لەراستیدا دەربارەی ژمارەو رێژەیی ئازەرییەکانی ئێران، ئامارێکی یەکگرتو بەردەست نییەو بەپێی جیاوازی سەرچاوەکان ژمارەکانیش دەگۆرێن، بەم هۆکارە ئێمە ژمارەکەمان لەنێوان ١٥ بۆ٢٠ ملیۆن وەرگرت، چونکە بەپێی زۆرێک لەسەرچاوەکان ژمارەکەیان لەونێوانەدا وەرگرتوە. هەرچەندە چەند سەرچاوەیەکی دیکە باس لەژمارەی کەمتر دەکەن، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان رێژەو ژمارەکەیان بە ٢٠ ملیۆن یاخود شتێک کەمتر نوسیوە، ئێمەش هەر بەو جۆرە وەرمانگرت.

ئازەربایجان توندتربێتەوە، ئەگەری گواستنەوەی ئەو ململانێیە هەیە بەتایبەت بۆ سنوری باکوری ئێران و بۆ نێو کەمینە ئازەری و ئەرمەنیەکانی ناو ئێران. لەبەر ئەم هۆکارانەش ئێران لەململانێکانی نێوان ئەم دو وڵاتەدا زۆرجار هەمیشە خۆیی بەبێلایەن نیشان دەدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران، بەناراستەوخۆ پشتیوانی لەئەرمینیا دەکات و پەیوەندی نێوان یەریڤان و تاران زۆربەهێزترە، لەپەیوەندیەکانی نێوان باکۆ و تاران. ئەرمینیا ماوەی چەند ساڵێکە دەوازەکانی تورکیاو ئازەربایجانی بەرودا داخراوەو تارادەیەک کەنارگیرکراوە، بەڵام یەکێک لەودەروازانەی کەبەروی ئەرمینیادا کراوەتەوەو دانەخراوە، دەروازەی سنوری ئێرانە لەگەڵ ئەرمینیا بەسنوری ٤٠ کیلۆمەتر. ئەمەش بوەتە دەرگای کردنەوەی پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان ئێران و ئەرمینیادا.

هەرچەندە ئێرانو ئازەربایجان نزیکەی ٧٦٠ کیلۆمەتر سنوریان پێکەوە هەیە، هاوکات لە روی مەزهەبییەوە زۆرینەی دانیشتوانی هەردو وڵات شیعەن، تەنانەت سێ لەسەر چواری دانیشتوانی ئازەربایجان شیعەن و لایەنگری مەرجەعە شیعەکانی ئێرانن لە قوم و تەبرێز. بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو لەسەر ئەرزی واقیعدا هیچ جۆرە هاوپەیمانێتیەک نییە لەنێوانیان ئێران و ئازەربایجاندا، تەنانەت لەئێستادا ئێران لەئەرمینیاوە نزیکترە، وەک لەئازەربایجان، ئەوەش بە چەند هۆکارێک:

١. ئازەربایجان سەرەرای ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعەن، بەڵام خێزانێک و کەمینەیەکی سونە، دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوەیەو حوکمی زۆرینەی هاوڵاتیانی شیعەی ئازەربایجان دەکەن. ئێرانیش هیچ کات، ئامادە نییە پشتیوانی لەدەسەڵاتێکی سونی بکات لە وڵاتێکدا کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعەبن.

٢. بەهێزبونی ئازەربایجان لەناوچەکەدا بۆ ئێران جێگەی مەترسییە، ئەوەش بەهۆی بونی کەمینەی ئازەری لە ئێراندا، بەهێزبونی ئازەربایجان هۆکار دەبێت بۆ بەهێزبونی ئازەریەکان و داواکردنی مافی زیاتر لەئێراندا، بۆیە تاران هەمیشە کار لەسەر ئەم خاڵە دەکات بۆ رێگری لەبەهێزبونی ئازەرییەکان لەناوخۆی ئێراندا. کەنزیکەی ١٦٪ی دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن و ژمارەیەن بەنزیکەی ٨ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت و دوای فارسەکان دوەم نەتەوەی ئێرانن. هاوکات ئازەربایجان زۆرجار ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کەئێران دەیەوێت لەرێگەی ئازەرییە شیعەکانەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی ئازەربایجان وەربدات. ئێرانیش، باکۆ بە جوڵاندنی هەستی ناسیۆنالیستانەی ئازەرییەکانی ئێران تۆمەتبار دەکات.

٣. بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوری ئێران و ئەرمینیای پێکەوە گرێداوە، ئەرمینیا دەروازەیەکە بۆ ئێران بەروی ئەوروپادا، هاوکات یەریڤان هاوبەشێکی گرنگی تارانە لەسەرچاوەی وزەدا، ئەرمینیا لەئێستادا کرِیاری سەرەکی وزەی ئێرانە بەتایبەت غازی سروشتی، هاوکات ئێران

لەبەرامبەردا بوەتە دەروازەیەکی سەرەکی کراوە بۆ ئەرمینیا، بەتایبەت بەهۆی داخرانی ڕێگە وشکانییەکانی دیکەی، کەلە لایەن هەریەک لەئازەربایجان و تورکیاوە بەرویدا داخراوە.

٤. ئێران پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ روسیادا، روسیاش زیاتر پشتیوانی ئەرمینیا دەکات، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی ئێران زیاتر پشتگیری ئەرمینیا بێت، وەک لەئازەربایجان، کەهاوپەیمانی تورکیایە.

٥. ئیسرائیل و ئازەربایجان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەهێز هەیە لەنێوانیاندا، ئێران زۆرجار باکۆ بەهاوپەیمانی ئیسرائیل لەقەڵەم دەدات. ئێران ترسی ئەوەی هەیە کە ئیسرائیل لەرێگەی باکۆوە، زۆر بەئاسانی دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە سەر سنورەکانی رۆژهەڵاتی ئێران.

٦. بەشیکی زۆر لەئێرانییەکان تیروانینێکیان هەیە، کەپێیان وایە ئازەربایجان لەروی مێژوییەوەو لەبنەمادا، بەشێک بووە لە هەرێمی ئازەربایجانی ئێران، دەبو ئەو وڵاتە لەبنەمادا پارێزگایەکی ئێران بێت. ئەم دیدگایەش زۆرجار خاڵێک بوە بۆ دروستبونی ناکۆکی لەنێوان ئێرانیەکان و ئازەرییەکاندا.

## • ئیسرائیل

ئیسرائیل و ئازەربایجان، لەساڵی ٢٠١٠ەوە پەیوەندییەکی بەهێزی ستراتیجی لەنێوانیاندا هەیە. ئیسرائیل یەکێک بو لەو وڵاتانەی کەهەر لەسەرەتاوە لەساڵی ١٩٩١ دانینا بەسەربەخۆی ئازەربایجاندا. ئێستاش یەکێکە لەدیارترین ئەو وڵاتانەی کەچەک بەئازەربایجان دەفرۆشێت. بەپێی لێدوانی ئیلهام عەلییفی سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان، بەم دواییانە وڵاتەکەی بەبری پێنج ملیار دۆلار گرێبەستی چەکی لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کردوە. هەروەها پەیوەندییەکی پتەوی ئابورییش هەردو لات پێکەوە دەبەستێتەوە. ئیسرائیل بەیەکێک لە پێنج گەورەترین هاوبەشە ئابورییەکەی باکۆ هەژمار دەکرێت.

باکۆش یەکێکە لە فرۆشیارەکانی سەرچاوەی وزە بەئیسرائیل. بەردەوامی ئەم لێکنزیکی و پەیوەندییە باشەی نێوان ئیسرائیل و ئازەربایجان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئیسرائیل لەو ڕێگەیەوە نزیکتر دەستی بگاتە سنورەکانی ئێران. باکۆش ببێتە ناوەندێکی گرنگی هەوڵگری بۆ ئیرسئیل بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئێران.

- ## یەکێتی ئەوروپا

یەکێتی ئەوروپا بەردەوام هەوڵدەدات بۆ چارەسەری کێشەی ناگۆرنۆ قەرەباغ، یاخود لانیکەم ڕاگرتنی جەنگ لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا. ئەوەش لەلایەک بۆ زامنکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ئەورووپادا. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ زامنکردنی گەیشتنی نەوت لەباشوری قەزوینەوە بۆ بازارەکانی ئەروپاو جیهان. چونکە وڵاتانی یەکێتی ئەروپا، بەردەوام ترسی ئەوەیان هەیە کەجەنگی قەرەباغ، زیان بەپرۆژەی گواستنەوەی نەوت و گازی ئازەربایجان بگەێنێت. بەتایبەت کەلەو ناوچەیەدا دو هێڵی گەورەی گواستنەوەی نەوتو گازی ئازەربایجان هەیە بۆ وڵاتانی ئەوروپا. بۆیە هیچ کات ئەروپییەکان نایانەوێت جەنگ لەوناوچەیەدا هەبێت و ئاسایشی گواستنەوەی وزەی ئازەربایجان بۆ ئەروپا مەترسی بکەوێتە سەر.

جگە لەهەوڵەکانی یەکێتی ئەروپا، بەردەوام وڵاتانی نێو یەکێتیەکەش، تاک لایانە هەڵی نێوەندگیری و ڕاگرتنی جەنگەکە دەدەن. بەنمونە فەرەنسا، کەئەندامی کۆمەڵەی مینسکە لەگەڵ روسیاو ئەمەریکا، هاوکات بەیەکێک لەدۆستەکانی ئەرمینیا لەئەوروپا دادەنرێت، چونکە لەپرسی جینۆسیادی ئەرمەنیەکاندا لەگەڵ ئەرمینیا هاوسۆزە، ئەوە جگە لەوەی نزیکەی ٧٠٠ هەزار ئەرمینی لەفەرەنسادا دەژین و لۆبییەکی گەورەیان لەو وڵاتەدا دروستکردوە. بەم جۆرە فەرەنساش بەردەوام نیگەرانە لەدورستبونەوەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەی قەرەباغ، داواش لەئازەربایجان و ئەرمینیا دەکات، بە گفتوگۆ کێشەکە چارەسەر بکەن و شەر لەنێوانیاندا رابگرن.

## جەنگی ئەم دواییەی قەرەباغ و لێکەوتەکانی

تاپێش جەنگەکەی ئەم دواییەی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان، هەرێمی قەرەباغ، بەئەمری واقیع، لەژێر دەست و هەژمونی ئەرمینیادا بو، لەبەرامبەردا ئازەربایجان خواستی بۆ ئەوەبو، جارێکی دیکە، ئەم هەرێمە لەرێگەی جەنگەوە، بخاتەوە سەر نەخشەی دەسەڵاتی خۆیی.

ئیلهام عەلییف، سەرۆکی ئازەربایجان، لەچەند بۆ نەیەکدا بەئاشکرا باسی لەوەکردبو کە ئازەربایجان مافی خۆیەتی پاشەکشە لە دانوستانەکانی ئاشتی بکات لەگەڵ ئەرمینیا. بەمافی خۆشی دەزانێت پەنا بۆ چارەسەری سەربازیی ببات، لەپێناو یەکلاکردنەوەی کێشەی هەرێمی قەرەباغ.

ئەوەبو رۆژی یەک شەممە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠٢٠، جارێکی دیکە شەر لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر هەرێمی قەرەباغ رویدایەوە. لەسەرەتای جەنگەکەدا نیکۆل باشنیان سەرۆکی ئەرمینیا ئازەربایجانی تۆمەتبارکرد بەوەی کە لەرێگەی تۆپخانەو بۆردومانی ئاسمانیەوە هێرشی کردوەتە سەر

سنوری وڵاتەکەیان و ناوچەیەکی نیشتەجێبونی هاوڵاتیان لە هەرێمی قەرەباغ کردوەتە ئامانج. لەبەرامبەردا ئازەربایجان، ئەرمینیای بەهێرشکردنە سەر ئازەربایجان تۆمەتبارکردو رایانگەیاند کە ئەوان تەنها وەڵامی هێرشەکانی ئەرمینیایان داوەتەوە.

جەنگەکەی ئەمجارە بەتەواوی سەقامگیریی باشوری ناوچەی قەوقازی خستە مەترسییەوە، بەتایبەت کە ناوچەکە رێڕەوێکی گرنگی هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و گازی وڵاتانی قەوقازە بۆ بازاڕەکانی جیهان. ئەم جەنگەش تەنها جەنگێکی سیاسی و سەربازیی نەبو، بێگومان بەرژەوەندی ئابوری وڵاتانی جیهانیش بووە بەشێک لەناوەرۆک و ئەجێندای جەنگەکە.

سەرئەنجام پاش تێپەربونی نزیکەی ٤٥ رۆژ بەسەر جەنگەکەدا، ئازەربایجان جیاواز لەجەنگەکانی رابردو ئەمجارە بەپشتیوانی راستەوخۆی تورکیا، توانی نزیکەی ٦٠%ی خاکی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ کۆنترۆڵ بکات. ئەوەش دوای ئەوەی توانی شاری شوشی (شوشە)ی ستراتیجی بگرێت، کەتەنها ١٥ کیلۆمەتر لەشاری ستیپاناکیرتی پایتەختی قەرەباغەوە دورە. لەبەرامبەردا ئەرمینیا ئەوەی لەجەنگی ساڵی ١٩٩٤ دەستیبەسەرداگرتبو، لەدەستیدایەوە، هەر ئەمەش حکومەتی ئەرمینیای ناچارکرد، لەپێناو زیاتر پێشرەوی نەکردنی هێزەکانی ئازەربایجان لەشاری شوشی بەرە پایتەختی قەرەباغ، ئەوەبو لەرۆژی ٩ی تشرینی دوەمی ٢٠٢٠ بەنێوەندگیری روسیا، رێکەوتنی ئاشتی و ئاگربەست لەگەڵ ئازەربایجان واژۆ بکات.

رێککەوتنی ئاگربەستی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان، لەکاتژمێر ١ی شەوی ١٠ی تشرینی دوەم بە کاتی روسیا، چوە بواری جێبەجێکردنەوە. لەرێککەوتنامەکەدا هاتبو:


١. هێزەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان لە پێگەی ئێستای خۆیان دەمێننەوە، واتە بریاردرا ئەو ناوچانەی ئازەربایجان لەم شەرەدا دەستی بەسەرداگرتون تیایدا بمێنێتەوە.
٢. بەرەزامەندی هەردولا بریاردرا هێزی ئاشتیپارێزی روسیا، بەدرێژایی هێڵی شەڕ لە هەرێمی قەرەباغ و و رێڕەوی لاچین و هێڵی جیاکەرەوەی نێوان قەرەباغ و ئەرمینیا بڵاوبکرێنەوە. هێزەکەش پێکهاتوە لە (١٩٦٠) سەربازی روسیا بە چەکی سوک و (٩٠) زرێپۆشەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەو ناوجەیەشدا دەمێننەوە.
٣. ماوەی مانەوەی هێزی ئاشتی پارێزی روسی لە ناوچەکەدا پێنج ساڵ دەبێت، ئەگەر لایەنەکان پێش شەش مانگ تانەیان نەبێت، ئەوا ماوەکە خۆی پێنج ساڵی دیکە درێژ دەبێتەوە.
٤. بریاردرا کۆتوبەندی سەر هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی دیلەکان هەڵدەگیرێت و بە چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەککگرتوەکان، ئاوارەکان دەگەڕێنەوە هەرێمی قەرەباغ.

٥. ئەرمینیاش رەزامەندە سێ شاری سەر بە هەرێمی قەرەباغ رادەستی ئازەربایجان بکات لەماوەی (٢٠٢٠/١١/١٥) بۆ (٢٠٢٠/١٢/١)، ئەوانیش بریتین لەشارەکانی (ئاگدام و کلبجار و لاچین).

٦. دوای سێ ساڵ، پێویستە رێگەیەکی وشکانی بە درێژایی رێڕەوی (لاچین) دروستبکرێت، بۆ ئەوەی (ستیپاناکیرت و ئەرمینیا) بەیەکەوە ببەستێتەوە. ئازەربیجانیش پەیمان دەدات سەلامەتی ئەو رێگەیە بپارێزێت.

٧. پێویستە ئەرمینیا، سەلامەتی هاتوچۆی رێگەی ناوچەکانی نێوان خۆرئاوای ئازەربیجان و هەرێمی نەخچەوان[٤] دەستەبەربکات.

٨. کۆچبەران دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان، دیل و تەرمەکان دەگۆڕدرێنەوە، هەمو تۆڕەکانی ئابوریی و گواستنەوەی ناوچەکە سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوەو رێڕەوی گواستنەوە لەنێوان هەردولادا دەکرێنەوە.




**نەخشەی نوێی قەرەباغ دوای رێککەوتنامەی ئاشتی و ئاگربەستی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان**

[٤] نەخچەوان: ناختشیڤان: هەرێمێکی سەربەخۆیەوە سەربە ئازەربایجان. ئەم هەرێمە دوچاری دابڕانی جوگرافیا هاتبو لەگەڵ ئازەربایجاندا، گەیشتن بەنەخچەوان لەئازەربایجانەوە پێویستی بەوەهەبو، کە لەرێگای ئەرمینیاو ئێرانەوە بۆی برۆیت، بەڵام ئازەربایجان توانی لەرێگەی ئەم جەنگەوە، دەوازەیەکی هاتوچۆ بکاتەوە لەنێوان باکۆ و نەخچەواندا).

لەگەڵ چونە بواری جێبەجێکردنی ڕێککەتننامەکە، (نیکۆل باشینیان)، سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیا، لەبەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاند:"لەگەڵ سەرۆکی هەریەکە لە ئازەربایجان و ڕوسیادا، ڕێککەوتین بۆ کۆتاییهێنان بە کردەوە سەربازییەکان، لە کاتژمێر یەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممە (١٠ی تشرینی دوەمی ٢٠٢٠)".

لەبەیاننامەکەدا، باشینیان بڕیاری ڕازیبون بەئاگربەستی بۆ خۆی و گەلەکەی بە ئازاربەخش ناوبرد، ئاشکرایکرد هیچ بژارەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەبوە، تەنیا واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە نەبێت. ڕوونیکردەوە بڕیارەکەی لەپاش هەڵسەنگاندنی سەرکردە مەیدانییەکانی سوپای وڵاتەکەیداوە، کە پێیانوابوە ئەوە باشترین چارەسەرە بۆ کاتی ئێستا.

ئەم بەیاننامەیەی سەرۆک وەزیران لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەرمینیاوە بەو جۆرە لێکدرایەوە کە ئەرمینیا بەناچاری بەرێککەوتنامەی ئاگربەست ڕازی بوە، ئەگەر ئەم ڕێککەتنەی نەکردایە ئەوا جگە لەلەبەخشینی قوربانی زیاتر، هاوکات ناوچەی زیاتریشی لەبەرژەوەندی ئازەربایجان لەدەستدەدا. بۆیە بەناچاری لەگەڵ ئازەربایجان ڕێککەوتن.

بەیاننامەکەی سەرۆک وەزیران و لێدوانی بەرپرسانی دیکەی ئەرمینیا، کارداناوەی ناوخۆی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی لێکەوتەوە. ئەوبو ژمارەیەک خۆپێشاندەر لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا، چونە بەردەم بارەگای حکومەت و پەرلەمانی ئەو وڵاتەو نارەزایەتییان دەربری. خۆپیشاندەران سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیایان بەناپاک وەسفکردو داوایان لێکرد بەرامبەر ئەنجامدانی ئەو ڕێککەتنامەیە لەگەڵ ئازەربایجان دەستلەکاربکێشێتەوە. لەدەرئەنجامی فشارە بەردەوامەکانی شەقام، نیکۆل باشنیان، بریاریدا لە ڕۆژی ١٦ی مانگ، وەزیری دەرەوەی ئەرمینیا (زوهراب مناتساکانیان) لەپۆستەکەی دوربخاتەوە. لەهەنگاوی دواتریشدا لەرۆژی ٢٠ مانگ، وەزیری بەرگری ئەرمینیا (دیڤید تونویان)یشی لەپۆستەکەی دورخستەوە. بەڵام هیچ یەکێک لەم ڕێکارانە تورەیی شەقامی ئەرمینی و ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەی لەدژی ڕێککەوتننامەکەو شکستەکەی ئەرمینیا کەمنەکردەوە.

هاوکات، (ئارایک هاروتیونیان) سەرۆکی هەرێمی سەربەخۆخوازی (ناگۆرنۆ قەرەباغ) پەیامێکی ئاراستەی گەلەکەی کرد و گوتی":هاوڵاتیانی هێژای وڵاتەکەم، ئیدی شەڕ وەستا. ئەمڕۆ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیا باسمان لە ڕاگرتنی پەلامارە دوژمنکارییەکان کرد، پێشتریش لەگەڵ پەرلەمانی ئازەربیجان گفتوگۆم کردبوو، بۆ ئەوەی زۆرینەی ڕەهای پەرلەمان لەگەڵ بڕیارەکە بێت. ئیدی لە پێناو ڕێگرتن لە ڕژانی خوێنی زیاتر و سنوردانان بۆ ئەو زیانانەی بەر قەرەباغ دەکەون، ڕازی بوم شەڕ ڕابگیرێت".

لە بەرامبەردا (ئیلهام عەلییڤ) سەرۆک کۆماری ئازەربایجان، لە گوتارێکی پەخشکراو لە تەلەڤزیۆنی فەرمیی وڵاتەکەیەوە، سەرکەوتنی ئازەربایجان و خۆبەدەستەوەدانی ئەرمینیای لەجەنگەکەدا ڕاگەیاند.

سەرۆکی ئازەربایجان لەپەیامەکەیدا گوتی:"رێکەوتنەکە بەواتای خۆبەدەستەوەدانی ئەرمینیاو کۆتاییهێنان بە ساڵانێکی درێژی داگیرکاری دێت. دواجار سەرۆکی ئەرمینیا لەژێر فشاری شکستە سەربازیدا بە ئاشتی رازیبو. ئەوەش دوای ئەوەی سوپای ئازەربایجان توانی لەئەیلولی رابردووەوە ٣٠٠ ناوچەی نیشتەجێبون لە هەرێمی ناگۆرۆ قەرەباغ، لەژێر دەستی سوپای ئەرمینیا دەربهێنێتەوە".

ئیلهام عەلییێڤ بەزمانێکی زۆر توندو دور لەهەمو عورف و یاسایەک سوکایەتی بەئەرمینییەکان کردو گوتی: "من پێشتر پێمگوتن ئێمە دەریاندەکەین، وەک (سەگ) دەریان دەکەین و ئەوەشمان کرد".

سەرۆکی ئازەربایجان راشیگەیاند:"رێککەوتنەکە بۆ ئێمە مێژویی بو، بەپێی رێککەوتنەکە ئازەربایجان سێ شاری گەورەی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ بەدەستدەهێنێتەوە، کە بریتین لە "کلبجار و ئاگدام و لاچین".

دوای پەیامەکەی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان، هاوڵاتییانی ئازەربایجان رژانە سەر شەقامەکان و خۆشی خۆیان دەربڕی و رێککەتننامەکەیان بە سەرکەوتنی سوپای وڵاتەکەیان لێکدایەوە لەجەنگی قەرەباغدا. هەندێک لەئاهەنگێرانی ئازەربایجان باسیان لەوەدەکرد ئیتر دوای (٢٨) ساڵ لەئاوارەی دەگەڕێینەوە بۆ زێدی خۆمان، بۆ قەرەباغ.

لەلایەکی دیکەوە (ڤلادیمێر پوتن)ی سەرۆکی روسیا، لەبەیاننامەیەکدا رێکەوتننامەی هەردو وڵاتی بەنێوەندگیری روسیا راگەیاند. پوتن ئاشکرایکرد لەدوای رێککەوتنەکەوە هەمو پێکدادانێکی سەربازیی لەنێوان هەردو وڵات رادەگیرێت، هێزەکان لە شوێنی ئێستای خۆیان دەمێننەوەو ئاشتیپارێزانی روسیاش دەکەونە نێوانیانەوە.

دوای راگەیەندراوەکەی سەرۆکی روسیادا، وەزارەتی بەرگریی ئەو وڵاتە ناردنی ١٩٦٠ سەربازی روسی لەرێگەی ئاسمانەوە بۆ هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ راگەیاند، ئاشکراشیکرد هێزەکانی روسیا بە ٩٠ زرێپۆش و ٣٨٠ ئۆتۆمبێل و چەک و شمەکی سەربازییەوە لەنێوان سوپای هەردو وڵاتدا بڵاودەبنەوە.

هەرچەندە تائێستا ئامارێکی رەسمی لەبارەی ژمارەی قوربانی و کوژراو زیانەکانی جەنگی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان بڵاونەبوەتەوە. بەڵام لێرەو لەوێ هەندێک ئامار بڵاوکراونەتەوە.

بەنمونە بەگوێرەی ئاماری بەرپرسانی ناگۆرنۆ قەرەباغ، بەهۆی جەنگەکەوە زیاتر لە ١١٧٧ کەس لە سەرباز و کەسانی سڤیلی هەرێمی قەرەباغ کوژراون.

سێ رۆژ دوای رێککەوتنەکەش، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئەرمینیا (نیکۆ گۆسیان) رایگەیاند:"تائێستا ٢٣١٧ لاشەی سەربازانمان بەردەست کەوتوەتەوە کەهەندێکیان ناسنامەیان دیار نییە. پرۆسەی ئاڵوگۆڕی لاشەی کوژراوەکانیش بەردەوامە. بەڵام تائێستا هیچ یەکێک لەلایەنەکان

ئاماری کۆتایی لەلا نییە". هاوکات دەسەڵاتی ئەرمینیا رایانگەیاندوە:"تائێستا بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ١٣٣٩ سەرباز و ٥٠ هاوڵاتی مەدەنییان لێکوژراوە".

لەبەرامبەردا وەزارەتی بەرگری ئازەربایجان رۆژی ٣ی ١٢ی ٢٠٢٠ بڵاویکردەوە کەسوپای ئازەربایجان لەجەنگی شەش هەفتەی ناگۆرنۆ قەرەباغدا ٢٧٨٣ سەربازی کوژراون.

هەربەپێی ئامارە فەرمیەکانی هەردولا، بەهۆی جەنگەکەوە ٩٣ هاوڵاتی سڤیلی ئازەری و ٥٠ هاوڵاتی سڤیلی ئەرمەنیش کوژراون.

ڤلادیمێر پوتن لەلێدوانێکدا دەربارەی بەدواداچونی روسیا بۆ رێککەوتنی ئاگربەستی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان و لێکەوتەی جەنگی نێوانیان رایگەیاند:" ژمارەی قوربانییەکانی ئەم دواییەی جەنگی قەرەباغ ٤٠٠٠ کەسی تێپەراندوە کەلەنێوانیاندا هاوڵاتی مەدەنی هەن. هاوکات ٨٠٠٠ کەسی دیکەش برینداربون و بەهەزاران کەسیش ئاوارە بون. بەهۆی جەنگەکەشەوە زیانێکی زۆر بەر ژێرخانی ئابوری و ئیداریی و مرۆیی هەرێمەکە کەوتوەو هەرچی زوە پێویستی بەهاوکارییە بۆ ئاساییبونەوەی دۆخی ژیان لەهەرێمەکەدا".

لەئێستاشدا بەشێکی زۆر لەهاوڵاتیانی نیشتەجێی ناوچەکانی (ئاگدام و کلبجار و لاچین)، کە بەپێی ناوەرۆکی رێککەتننامەکە، بریاردرا ئەرمینیا رادەستی ئازەربایجانیانیان بکاتەوە، سەروماڵی خۆیان بەجێدەهێڵن و رودەکەنە ئەرمینیا، لەگەڵ بەجێهێشتنی ناوچەکەشیاندا، ئاگر لەماڵ و شوێنەکانیان بەردەدەن، بۆ ئەوەی دوای خۆیان ئازەرییەکان سود لەشوێنەکانیان وەرنەگرن.



**هاوڵاتیانی ئەرمەنی بەر لەجێهێشتنی ناوچەکانیان ماڵەکانیان ئاگرتێبەردەدەن**

لەدیارترین سێ هۆکار کەوایکرد لەم جەنگەدا ئازەربایجان شکست بەئەرمینیاو سەربازانی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ بهێنن بریتی بو لە:

١. پشتیوانی راستەوخۆی سەربازی تورکیا لەئازەربایجان: تورکیا لەم جەنگەدا بەراستەوخۆ رۆڵی بینی و لەسەر ئاستی مەیدانی و تەکنیکی و تەکتیکی هاوکاری سەربازی پێشکەشی ئازەربایجان کرد. لەوانەش پێدانی: زرێپۆشی ئاڵتای، هەلیکۆپتەری جۆری(T129 ATAK)، بەشدارییپێکردنی فرۆکەی (F16)، فرۆکەی بەیرەقدار. لەگەڵ بەخشینی ژمارەیەکی زۆر فرۆکەی بێفرۆکەوانی لەجۆری (KARGU) بەسوپای ئازەربایجان. ئەوە جگە لەبەردەوام ناردنی شارەزای سەربازی تورکی بۆ ئازەربایجان، لەگەڵ ناردنی سەربازی بەکرێگیراوی سوری بۆ مەیدانەکانی جەنگ بۆ پشتیوانی کردن لەسوپای ئازەربایجان. لەبەرامبەردا ئەرمینیا تەنها پشت بەست بەتوانای سەربازی وڵاتەکەی و سەربازانی هەرێمی قەرەباغ روبەروی ئازەربایجان بویەوە.




**دیمەنی چەند نمایش و مانۆرێکی هاوبەشی سەربازی تورکیاو ئازەربایجان**



**ئاهەنگێرانی سەرکەوتنی ئازەربایجان لەنێوان وەزیرانی بەرگری تورکیاو ئازەربایجان**

٢. جگە لەجیاوازی نێوان توانای سەربازی ئازەربایجان و ئەرمینیا، هاوکات سوپای ئازەربایجان لەماوەی ١٥ ساڵی رابردودا، بەراورد بەسوپای ئازەربایجان لەسالآنی جەنگی ١٩٩٢-١٩٩٤ زۆر بەهێزتر بوە. بەنمونە راپۆرتەکانی (Global Fire Power)ی تایبەت بەتوانای سەربازی دەوڵەتانی جیهان، ئەوەیان دەرخستوە کەلەکاتی ئێستادا کەلێن و جیاوازییەکی گەورە کەوتوەتە نێوان توانا سەربازییەکانی ئازەربایجان لەگەڵ ئەرمینیا. بەنمونە ساڵی ٢٠١٥ کۆی خەرجییەکانی کەرتی بەرگری ئازەربایجان گەیشتوەتە نزیکەی ٤ ملیار دۆلار، ئەمەش چەند هێندە زیاترە لەخەرجی بەرگری ئەرمینیا لەهەمان ساڵدا، کەبرەکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بوە. تەنانەت زیاتریش بوە لەبودجەی گشتی ئەرمینیا لەو ساڵەدا. هاوکات ئازەربایجان لەدوای بەریتانیەوە بوەتە دوەم هاوردەکەری چەک لەئەوروپا. لەسەر ئاستی جیهانیش چوارەم هاوردەکەرو کڕیاری فرۆکەی جەنگییە، لەدوای بەریتانیاو هیندستان و ئیتاڵیا. لەبەرامبەردا ئەرمینیا هەرچەندە بەردەوام چەکی لەروسیا، کڕیوە بەڵام دۆخی قەیراناوی ئابوری ئەو وڵاتەو

داخستنی سنورەکانی لەلایەن ئازەربایجان و تورکیاوە، هۆکارێک بوە بۆ ئەوەی سوپای ئەرمینیا نەتوانێت هاوشانی سوپای ئازەربایجان پەرە بەتوانا سەربازییەکانی بدات.

٣. بەدەمەوەنەچونی روسیا: ئەرمینیا پێش دە رۆژ لەنزیکبونەوەی سوپای ئازەربایجان لەشوشە، سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیا (میکۆل باشنیان) داوای بەهاناوەچونی لەروسیاکرد، ئەوەش پشت بەست بەودۆستایەتی و رێککەوتننامە سەربازیی و بەرگرییانەی لەنێوانیاندا هەبو. لەوێنەی رێککەوتننامەی هاوبەشی و هاوکاری ئالوگۆری ساڵی ١٩٩٧. بەڵام وەزارەتی دەرەوەی روسیا لەوەڵامدا رایگەیاند:"روسیا ئامادەیە (هاوکاری پێویست) پێشکەشی ئەرمینیا بکات، تەنها لەوکاتەدا کەجەنگ بچێتە خاکی ئەرمینیاوەو ئەرمینیا پەلامار بدرێت". کەواتە بەپێی ئەم وەڵامەی روسیا، رێککەوتننامەی بەرگری هاوبەش کە روسیا لەگەڵ یەریڤاندا هەیەتی، لەوکاتەدا کاردەکات کە ئەرمینیا پەلاماری سەربازی بدرێت نەک هەرێمی قەرەباغ. ئەم هەڵوێستەی روسیا لەلایەک ئەرمینییەکانی بێ ئومێد کرد، لەلایەکی دیکەش جۆرێک بو لەهەڵکردنی گڵۆپی سەوز، بۆ تورکیاو ئازەربایجان بۆ بەردەوامیدان پێشرەویەکانیان لەمەیدانەکانی جەنگی قەرەباغدا. ئەم خاڵەش بەیەکێک لەخالە یەکلاکەرەوەکانی جەنگەکە دادەنرێت، چونکە ئەگەر روسیا رۆڵێکی زیاتر بگێرایە بەتایبەت لەبەرژەوەندیی ئەرمینیا، ئەوا ئەنجامەکانی جەنگەکە بەو جۆرە نەدەبون. هەر ئەمەش وایکرد لەئەرمینییەکان کە بڵێن"پوتن مێژوی ناگۆرنۆ قەرەباغی گێرایەوە بۆ سەردەمی ستالین".

بونی ئەم جیاوازییە سەربازیانە لەپاڵ چەند هۆکارێکی دیکەدا، فاکتەرێکی سەرەکی بون بۆ یەکلابونەوەی هاوکێشەی جەنگەکە، لەبواری مەیدانیدا لەبەرژەوەندی ئازەربایجان.

# جیاوازی توانای سەربازیی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا

| | ئازەربایجان | ئەرمینیا |
|---|---|---|
| ریزبەندی لەسەر ئاستی جیهان | 64 | 111 |
| ژمارەی دانیشتووان | 10 000 000 | 3 000 000 |
| روبەری وڵاتەکە | 86 600 | 29.743 |

## هێزی سەربازیی

| ئازەربایجان | | ئەرمینیا |
|---|---|---|
| 3.7 ملیۆن | کەس دەتوانن خزمەتی سەربازیی بکەن | 1.3 ملیۆن |
| 300 هەزار | ژمارەی سەرباز + یەدەگ | 200 هەزار |
| 2.8 ملیار دۆلار | بودجەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی بەرگری | 1.3 ملیار دۆلار |

## هێزی ئاسمانیی

| ئازەربایجان | | ئەرمینیا |
|---|---|---|
| 147 | ژمارەی فرۆکە | 64 |
| 17 | فرۆکەی شەڕکەرو هێرشبەر | 0 |
| 1 | فرۆکەی گواستنەوە | 3 |
| 88 | هێلیکۆپتەر | 37 |

## هێزی دەریایی

| ئازەربایجان | | ئەرمینیا |
|---|---|---|
| 31 | کەشتی سەربازیی | 0 |
| 4 | ژێر دەریایی | 0 |
| 13 | بەلەمی سەربازیی | 0 |
| 7 | هەڵگرەوەی مینی دەریایی | 0 |
| 1 | کەشتی جەنگی | 0 |
| 313 | کەشتی بازرگانی | 0 |

سەرچاوە:
globalfirepower

## سیناریۆ پێشبینیکراوەکان

سەرەڕای کۆتایهاتنی جەنگی ئەمجارەی ناگۆرنۆ قەرەباغ و ئەنجامدانی ڕێککەوتنامەی ئاشتی و ئاگربەست لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کەکێشەی ئەم هەرێمە کۆتاییهاتوەو جارێکی دیکە سەرهەڵنادەتەوە. لێرەوە دەکرێت، پێشبینی بۆ ئایندەی دۆخی ئەم هەرێمە لەچەند سیناریۆیەکدا گەڵاڵە بکەین، بەم جۆرەی خوارەوە:

### سیناریۆی یەکەم: نە جەنگ نە ئاشتی

لەئێستادا ئازەربایجان و ئەرمینیا، بەقۆناغی ئاگربەست و هەنگاونان بۆ ئاشتی هەڵدەنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکرێت سیناریۆیەکی دیکە لەو نێوانەدا ڕوبدات، بەتایبەت تا ئەوکاتەی بەپێی ڕێککەوتننامەکە دیاریکراوە، کەهێزی ئاشتی پارێزی ڕوسیا، لەسنوری نێوان هەردو وڵاتەکەدا بمێننەوە.

سیناریۆکەش بەو جۆرە دەبێت، کەلەنێوان هەردو وڵاتدا دۆخەکە هێور دەبێتەوەو جەنگ ڕونادات، بەڵام شتێک بەناوی ئاشتیشەوە لەنێوان هەردو وڵاتدا نایەتە ئاراوە. ئەمەش جۆرێک دەبێت لەهودنەی درێژخایەن، کەئەگەر هەیە چەند ساڵێکیش بەردەوامی هەبێت، تا ئەوکاتەی لەونێوانەدا پێشهاتێکی دیکە دێتە ئاراوە. ئەویش بریتی دەبێت لەهەنگاونان بۆ ئاشتی یاخود دەستپێکردنەوەی جەنگ لەنیوان هەردولادا. وەک ماوەی ساڵانی ١٩٩٤-٢٠١٦ سەرەڕای ئەوەی چەند جارێک گرژی ڕویدا لەنێوان هەردو وڵاتدا، بەڵام جەنگی گەورە ڕوینەدا. سەرئەنجام لەساڵی ٢٠١٦ دۆخی نەجەنگ نەئاشتی سەریکێشا بۆ دروستبونەوەی جەنگ، ئاکامەکەشی خۆی بینییەوە لەکوژرانی زیاتر لە ٣٠ هەزارکەس و ئاوارەبونی هەزاران کەسی دیکە، لەنێوان هەردو وڵاتدا.

### سیناریۆی دوەم: بەردەوامی و ململانێ و جەنگ

یەکێکی دیکە لەو سیناریۆیانەی ئەگەری ڕودانی هەیە، بریتییە لەسیناریۆی دەستپێکردنەوەی ململانێکان و سەرکێشانەوەی بۆ جەنگ لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان.

لەئێستادا هەرچەندە دۆخی ئاگربەست لەنێوان هەردولادا بەرکارە، بەڵام بەچەندین هۆکار هەن بۆ ئەوەی دۆخی ئاگربەست و ئاشتی، بەردەوام نەبێت و ململانێکانی نێوان هەردو وڵات دەستپێبکەنەوەو سەربکێشێت بۆ دروستبونەوەی جەنگ.

ئەرمینیا ئەمجارە لەژێر فشاری سەربازی ئازەربایجان و دەستگرتن بەسەر چەند شارێکی قەرەباغدا، ناچاربو ڕێککەوتننامەی ئاشتی واژۆ بکات، ئەم ڕاستییەش بەبەیاننامەکەی سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیاوە ڕەنگی دابویەوە. کاتێک (نیکۆڵ باشینیان) گوتی:"هیچ چارەسەرێکم لەبەردەمدا نەمابو، جگە لە واژۆکردنی بڕیاری ئاگربەست". ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کەپێناچێت ئەرمینیا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەم دۆخە سەپێندراوە ڕازی بێت. بەتایبەت کە لەئێستادا فشارێکی زۆر هەیە

لەلایەن شەقامی ئەرمینیاوە بۆ سەر حکومەتی ئەرمینیا، بۆ قبوڵنەکردنی ئەو دۆخەی کە رێککەوتننامەکە بەسەر هەرێمی قەرەباغدا دەیهێنێت و بەشێکی زۆر لەناوچەکانی ئەو هەرێمە، کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنین، دەخاتە ژێر سنوری قەڵەمرەوی ئازەربایجانەوە. بۆیە پێناچێت ئەرمینیا ئامادەبێت بەسەرجەم مەرجەکانی نێو رێککەوتننامەکە رازی بێت، بەتایبەت رادەستکردنەوەی سێ شاری گەورەی قەرەباغ بەئازەربایجان. هاوکات پابەندنەبونی هەریەکێک لەلایەنەکان بەناوەرۆکی رێککەوتنامەکەوە بژاردەی ململانێ و جەنگی نێوانیان زیندو دەکاتەوە. بەتایبەت دوای تەواوبونی ماوەی ئەو پێنج ساڵەی کەدیاریکراوە، بۆ جێگیرکردنی هێزی ئاشتی پارێزی روسیا لەنێوان سنوری هەردو وڵاتدا.

لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی بەرژەوەندی و ئامادەیی بەردەوامی وڵاتانی نێودەوڵەتی لەنێو ململانێکانی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا، هەمیشە ئەگەر هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی، دۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتربکەن و جەنگی بەوەکالەتی خۆیان لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیادا دروست بکەنەوە.

## سیناریۆی سێهەم: راگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی بەردەوام

ئازەربایجان و ئەرمینیا، بەنێوەندگیری روسیا، ئاگربەست و رێککەوتننامەی ئاشتییان واژۆ کردوە، بەڵام ئەوەی چانسی روداني ئەم سیناریۆیە بەهێز دەکات و دۆخەکە لەئاگربەست و ئاشتییەکەی کاتییەوە لەنێوان هەردولا دەگۆرێت بۆ دۆخی ئاشتی تەواوەتی و دروستبونەوەی پەیوەندی لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، بریتییە لەنیشاندانی نیەت باشی هەردولا بەپابەندبونیان بەسەرجەمی مەرج و خاڵەکانی نێو رێککەوتننامەکەوە. بەنمونە لەئێستادا پرۆسەی ئاڵوگۆری دیلەکان و لاشەی سەربازە کوژراوەکان لەنێوان هەردولا دەستپێکردوە، هاوکات تائێستا هەرسێ شاری (ئاگدام[5] و کلبجار و لاچین) لەلایەن ئەرمینیاوە رادەستی ئازەربایجان کراونەتەوە. لەبەرامبەردا پێویستە ئازەربایجان سنورەکانی بەروی ئەرمینیادا بکاتەوە، لەحاڵەتی ئاسایبونەوەی ئەم دۆخەشدا هاوکات پێویستە روسیاش هێزەکانی ئاشتی پارێز لەسنوری نێوان هەردو وڵاتدا بکێشێتەوە. لەئەگەری روداني ئەم رێکارانەو نیشاندانی نیەتی هەردولا بۆ پرۆسەیەکی بەردەوامی ئاشتی، ئەوکات چانسی روداني ئەم سیناریۆیە دێتە ئاراوە.

چانسی روداني هەریەکێک لەم سیناریۆیانە لەسەر کات وەستاوە، چارەسەرنەکردنی ریشەیی دۆخی هەرێمی قەرەباغ و یەکلانەبونەوەی ئەم دۆسییەیە، ئەگەرێکی کراوەیە بۆ سەرهەڵدانەوەو دروستبونەوەی کێشەکە لەماوەی داهاتودا.

---

٥ ئەرمینیا لەئێستادا بەپێی ناوەرۆکی رێککەتننامەی سێ قۆڵی نێوان ئازەربایجان و روسیاو ئەرمینیا، هەرسێ شاری (ئاگدام و کلبجار و لاچین)ی رادەستی ئازەربایجان کردەوەتەوە. سەرەتا لەبەرەبەیانی رۆژی ٢٠ی١١ی٢٠٢٠ هێزەکانی ئازەربایجان بەپێی رێککەوتنامەکە دوای ٢٧ ساڵ چونەوە نێو شاری ئاگدام و ئاڵای ئازەربایجانیان تیایدا هەڵکرد. چوار رۆژ دواتر بەهەمان شێوە. هێزەکانی سوپای ئازەربایجان، چونە نێو شاری کلبجارەوە. دواینجار لە رۆژی ١ی١٢ی ٢٠٢٠ شاری لاچین، پاش ٢٨ ساڵ رادەستی ئازەربایجان کرایەوە.

لەئێستادا ئەگەری روودانی سیناریۆی یەکەم، واتە نەجەنگ نەئاشتی ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت، چانسی روودانی زیاترە. تائەوکاتەی روسیا بەجدی نێوەندگیری بکات لەنێوان هەردولادا، هاوکات هەردو وڵاتیش بۆ ماوەیەک پابەندبن بەراگرتنی جەنگ لەنێوانیاندا.

سیناریۆیەکی دیکە کەئەگەری روودانی هەیە، سیناریۆی دووەمە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لەکۆتاییهاتنی دۆخی ئاشتی و ئاگربەست لەنێوان هەردو وڵاتدا. واتە دوبارە توندبونەوەی ململانێکان لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر هەرێمی قەرەباغ و سەرکێشانەوەی دۆخەکە بۆ دروستبونەوەی جەنگی قەرەباغ. هاوشێوەی جەنگەکەی چەند مانگی رابردو کەدوای چەند ساڵێک نەجەنگ نەئاشتی هاتە ئاراوە.

سیناریۆی سێهەمیش چانسی روودانی هەیە، بەڵام پێشبینی کردنی لەکاتی ئێستادا ئەگەرێکی دورترە بەراورد بەدو سیناریۆیەکەی دیکە. هاوکات بەرژەوەندی بەشێک لەوڵاتانی یەکێتی ئەوروپاو روسیا لەگەڵ ئاشتی ناوچەکەدایە، هاوکات هەردو وڵات بەرەسمی لەدۆخی ئاگربەست و رێکەوتنی ئاشتیدان. بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ گەرەنتی کردنی دۆخی ئاشتی لەنێوانیاندا، بۆیە پێناچێت ئەم دۆخە تاسەر بەردەوامبێت و ئاماژەی کۆتاییهاتنی کێشەکە بێت. واتە سەربکێشێت بۆ ئاشتی بەردەوام و دروستبونەوەی پەیوەندی لەنێوان هەردو وڵاتدا. رادەی روودانی ئەم سیناریۆیە کەخۆیی دەبینێتەوە لەهاتنە ئارای دۆخی ئاشتی بەردەوام، وابەستەیە بەچارەسەری ریشەیی ئەم کێشەیەوە کەزیاتر لەسەدەیەکە دروستبوەو بەبێ چارەسەر ماوەتەوەو ناوە ناوە سەرهەڵدەداتەوە. تاچارەسەری ئەم پرسەش بەیەکجاری نەکرێت، ئەگەری ململانێ و جەنگ زیاترەو ئەگەری ئاشتی دورترە.



**ساتەوەختی چونە نێو شاری ئاگدام دوای ٢٧ ساڵ لەلایەن هێزەکانی ئازەربایجانەوە**



**ڕۆژی ١٠-١٢-٢٠٢٠ ئەردۆغان گەیشتە ئازەربایجان**

**بەمەبەستی بەشداریکردن لەئاهەنگی سەرکەوتن و بەدەستهێنانەوەی قەرەباغ لەلایەن ئازەربایجانەوە**

## دەرئەنجام

جەنگی ناگۆرنۆ قەرەباغ کۆتایهات، ئاگربەست و ئاشتی ڕاگەیەندرا، بەڵام هێشتا ناکۆکی و ململانێی دێرینی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان کۆتایی نەهاتوە. واقیعی جەنگەکە ئەوەی هێنایە گۆڕی کەئازەربایجان لەم جەنگەدا تارادەیەک توانی تۆڵەی شکستەکەی جەنگی ساڵی ١٩٩٤ی بکاتەوە. بەجۆرێک جگە لەناوچە ئازەرییەکانی ژێردەستی ئەرمینیا نزیکەی٦٠%ی خاکی ناگۆرنۆ قەرەباغی لەژێر دەستی ئەرمینیا هێنایە دەرەوە. ئەرمینیاش لەژێر فشاری شکستی سەربازی لەهەرێمی قەرەباغ، ناچاربو بچێتە ژێرباری ئەنجامدانی ڕێککەوتنامەی ئاشتی و پاشەکشەکردن لەزۆرینەی خاکی قەرەباغ، بۆ بەرژەوەندی ئازەربایجان.

ڕاستە لەم جەنگەدا ئازەربایجان سودمەندی یەکەم و ئەرمینیاش زەرەرمەندی یەکەم بو، بەڵام وەک باسمانکرد ئەم جەنگە تەنها جەنگی نێوان دو دەوڵەت نەبو، بەڵکو لەواقیعدا جەنگێکی بەوەکالەتی جیۆپۆلەتیکیش بو، ئەوەش بەهۆی بونی بەرژەوەندی هەرێمی و نیودەوڵەتی ژمارەیەک دەوڵەت لەو نێوانەدا. کەواتە لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگەکەدا دەکرێت بڵێین چەند دەوڵەتێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەئێستاو ئایندەیەدا دەبنە سودمەندو زەرەرمەندی لێکەوتەکانی ئەم جەنگە. بەنمونە بەسەرکەوتنی ئازەربایجان، تورکیا بوە یەکێک لەدەوڵەتانی سودمەندی جەنگەکە، چونکە تورکیا بەئاشکرا بوبوە کارەکتەری سەرەکی جەنگەکەو ڕاستەوخۆ پشتیوانی لەسەرکەوتنی ئازەربایجان دەکرد. لەبەرامبەردا شکستی ئەرمینیا، چەند دەوڵەتێکی دیکە، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ ئەرمینیادا خاوەن بەرژەوەندی بون، بەناڕاستەوخۆ لەلێکەوتەکانی ئەم جەنگە زەرەرمەند بون. بەنمونە ئێران، چونکە زیادبونی هێزو هەژمونی ئازەربایجان لەهەرێمی قەوقازو ناوچەکەدا لەلایەک واتا مەترسی بۆ ناوخۆی ئێران، لەلایەکی دیکەش واتا زیادبونی مەترسی و هەژمونی تورکیاو ئیسرائیل، لەدەرەوەی سنورەکان دژ بەئێران. هەرچی ڕوسیاشە بەسیاسەتی ئەمری واقیع لەو نێوانەدا مامەڵەی کرد. ڕوسیا سەرەرای نزیکی لەئەرمینیاوە، بەڵام ئەوەی تورکیا بۆ ئازەربایجانی کرد، ڕوسیا بۆ ئەرمینیای نەکرد. بەڵکو لەگەڵ گۆڕانی هاوکێشەی جەنگەکە بەلای ئازەربایجان و تورکیادا، ڕوسیا زیاتر لەڕۆڵی نێوەندگیر نزیکبویەوە. ئەوەبو سەرئەنجام ڕوسیا کەوتە نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجانەوەو ڕێککەوتننامەی ئاشتی پێ واژۆکردن. بەم چەشنە ڕوسیا توانی تارادەیەک هاوسەنگی بەرژەوەندییەکانی خۆیی لەنێوان هەردو وڵاتەکەدا بپارێزێت.

سەرەرای ڕاوەستانی جەنگ و ڕاگەیاندنی ئاشتی، بەڵام بەردەوام تارمایی جەنگێکی دیکە لەپشت چارەسەرنەکردنی ڕیشەیی کێشەی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ، لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا خۆیی نمایش دەکات. بۆیە ئەگەر لەئێستاشداو دۆخەکە تارادەیەک لەنێوان هەردو وڵاتدا هێوربوبێتەوە، ئەوە بەواتای ئەوە نایەت، کەئەم جەنگە کۆتایی بەململانێکانی هەردو وڵات هێناوە. بۆیە ئەگەر هەیە لەهەرکاتێکی دیکەدا لەسەر بنەمای مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی هەردو دەوڵەتەکەو چەند دەوڵەتێکی دیکەی هەرێمی و نێودەوڵەتی، جارێکی دیکە، ئاگری جەنگی قەرەباغ لەنێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا هەڵبگیرسێتەوە.

# سەرچاوە

## كتێب و توێژینەوە


١. عەلی عەباسۆڤ و هارڤیتۆن چاخاتریان، و: کەمال رەشید شەریف، کێشەی قەرەباخ، لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی 2006.

٢. ناگۆرنی قەرەباخ، بۆمبێکی تەوقیتکراوی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، گۆڤاری فۆکەس، ژمارە ١، دەزگای ئایدیا، سلێمانی تەموزی 2016.

٣. سیروان موسا پور، کوردەکانی دەرەوەی کوردستان، چاپی یەکەم، سنە، چاپخانەی مادیار، ٢٠٢٠.

٤. محمد نورالدين، تركيا الجمهوريه الحائرة، مركز الدراسات الستراتيجية و البحوث، الطبعة الاولى، لبنان، ١٩٩٨.

٥. ناغورنو كاراباخ: ساحة صراع جديدة بين روسيا وتركيا سعيد الحاج، مركز الجزيرة الدراسات، قطر، 28 سبتمبر 2020.

٦. رسلان قوربانوف، تداعيات الإستراتيجيات الإقليمية على الداخل الأذربيجاني (١) مركز الجزيرة الدراسات، قطر 10 يناير 2013.

٧. رسلان قوربانوف، تداعيات الإستراتيجيات الإقليمية على الداخل الأذربيجاني (٢) مركز الجزيرة الدراسات، قطر 27 يناير 2013.

٨. جلال خشيب، اقليم ناغورنو كاراباخ ... بين الإرث التاريخي القوقازي والحسابات الا قليمية التركية- الإيرانية، روئية تركية، ٢٠١٦.


## سایتی کوردی


٩. قەرەبا غ.. سەرهەڵدانەوەی برینێکی کۆن لە ناوچەیەکی پڕ لە گرژیدا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/world/13042016

١٠. قەرەباخ.. شەڕی دوو دراوسێ و تێکچوونی بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/world/280920207


## سایتی عەرەبی


١١. انفوغرافيك.. الصراع يحتدم في اقليم ناغورنو كاراباخ، على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/infographic/1379363-%D8%A7%D9%95%D9%86%D9%81%

١٢. نهاية الحرب بين أرمينيا وأذربيجان.. الرابحون والخاسرون، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/11/13/%D9%86%D9

١٣. قره باغ.. عناصر أساسية لفهم الصراع التاريخي بين أرمينيا وأذربيجان، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/11/5/%d9%82%d8%b

١٤. علييف يعلن انتهاء الحرب في قره باغ وانتصار أذربيجان، على الموقع:
https://arabic.sputniknews.com/world/202011111047154264-%D8%B9%D9%849/

١٥. ناغورني قره باغ: أذربيجان تمدد لأرمينيا حتى ٢٥ نوفمبر مهلة الانسحاب من منطقة كالباجار، على الموقع:
https://www.france24.com/ar/%D8%A3%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%A8%D8%

١٦. السكان في ايران، على الموقع:

https://fanack.com/ar/iran/population/
١٧. ايران وقره باغ: كيف تحافظ على الحياد في ظل تصاعد المواجهات؟، على الموقع:
https://arabic.rt.com/press/1168365-%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D/
١٨. ليست حكرا على العرق الفارسي.. فسيفساء من الأعراق تشكل ايران، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/miscellaneous/2019/5/30/%D8%A5%D9%8A%
١٩. الحراك الأذري.. قنبلة موقوتة ترعب النظام الإيراني، على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/world/1009583-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A7%D9
٢٠. ناغورني قره باغ.. "الجغرافيا الملغومة".. تغطية شاملة عن الصراع الأذري الأرميني وتحولات الحرب والسياسة، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/knowledgegate/newscoverage/2020/11/16/%D9%86%D8%A7%
٢١. حكايات| اقليم «ناجورنو قرة باغ».. هنا بدأ النزاع بين أذربيجان وأرمينيا، على الموقع:
https://akhbarelyom.com/news/newdetails/3119201/1/%D8%AD%D9%83%D8%D
٢٢. أبعاد الدور التركي في الاشتباكات بين أرمينيا وأذربيجان، على الموقع:

https://futureuae.com/ar/Mainpage/Item/5827/%D8%AA%D8%A3%D8%AC%D9
٢٣. اقليم قره باغ أو «الحديقة السوداء»... جذور الصراع بين أرمينيا وأذربيجان، على الموقع:
https://aawsat.com/home/article/2533926/%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%
٢٤. ما هو دور اللاعبين الأجانب في الصراع بين أذربيجان وأرمينيا؟، على الموقع:
https://www.dailysabah.com/arabic/columns/merve-sebnem-oruc/2020/07/24/%D9%85%D9%9F
٢٥. اشتباكات قره باغ.. لماذا تدعم تركيا أذربيجان في صراعها مع أرمينيا؟، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/9/27/%D8%A7%D8%B4%D8%AA%D8%A8%D
٢٦. أذربيجان وأرمينيا: ناغورنو كاراباخ وسر الصراع المستمر بين البلدين، على الموقع:
https://www.bbc.com/arabic/middleeast-54316136
٢٧. ناغورنو كاراباخ: هل هناك مرتزقة سوريون يحاربون لصالح أذربيجان؟ ، على الموقع:
https://www.bbc.com/arabic/middleeast-54342878
٢٨. أرمينيا تعلن مقتل أكثر من ٢٣٠٠ من جنودها في معارك قره باغ، على الموقع:
https://aawsat.com/home/article/2625136/%D8%A3%D8%B1%D9%85%D9%8A%D9
٢٩. الأرمن يحرقون بيوتهم.. يريفان تكشف عن عدد قتلاها، على الموقع:
https://al-bayrak.com/2020/11/14/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B1%D9%85%D9%86-/
٣٠. رئيس "جمهورية قره باغ" يبعث الى بوتين برسالة مفتوحة، على الموقع:
https://arabic.rt.com/world/1166597-%D8%B1%D8%A6%D9%8A%D8%B3-%D9%
٣١. ناغورني قره باغ: سكان القرى الأرمن يحرقون منازلهم قبل تسليمها الى أذربيجان، على الموقع:
https://www.france24.com/ar/%D8%A3%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%A8%D8%A7%D96
٣٢. أرمينيا وأذربيجان توقعان اتفاقا لـ "وقف شامل لإطلاق النار" في اقليم ناغورني قره باغ برعاية موسكو، على الموقع:
https://www.france24.com/ar/%D8%A3%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%A8%D8%A7/20201
٣٣. أرمينيا: رئيس الحكومة يدعو لوقف الاحتجاجات ضد الاتفاق مع أذربيجان ويقيل وزير خارجيته، على الموقع:
https://www.france24.com/ar/%D8%A3%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%A8%D8%A7/20201

٣٤. أرمينيا وأذربيجان توقعان اتفاقا لـ "وقف شامل لإطلاق النار" في اقليم ناغورني قره باغ برعاية موسكو، على الموقع:
https://www.france24.com/ar/%D8%A3%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%A8%D8%A7/2020
٣٥. ناغورني قره باغ. "الجغرافيا الملغومة". تغطية شاملة عن الصراع الأذري الأرميني وتحولات الحرب والسياسة، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/knowledgegate/newscoverage/2020/11/16/%D9%86%D8%A7%
٣٦. اقليم ناغورني قره باغ.. قنبلة موقوتة في قلب القوقاز، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/9/27/%D8%A3%D8%B0%D8%B1%D8%A8%D
٣٧. ناغورني قره باغ: جذور الصراع وعوائق التسوية، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/2008/03/17/%D9%86%D8%A7%D8%BA%D9%88%D8%B1%D9%
٣٨. حمد جاسم محمد، موقف ايران من الصراع الأذربيجاني الارمني حول اقليم "ناغورني قره باغ، على الموقع:
https://annabaa.org/arabic/authorsarticles/5963
٣٩. الدكتور عبد الرحمان الهذلي، ناغورنو قرة باخ حرب المائة عام، مركز الدراسات الإستراتيجية والديبلوماسية، على الموقع:
https://www.csds-center.com/article/%D9%86%D8%A7%D8%BA%D9%88%D8%
٤٠. روسيا وأرمينيا توحدان نظاميهما للدفاع الجوي في القوقاز، على الموقع:
https://arabic.rt.com/news/805024-%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A
٤١. روسيا تكشف متى تتدخل عسكريا في "قره باغ" وتؤكد التنسيق مع تركيا، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/75354
٤٢. روسيا لن توقف مبيعات السلاح لأذربيجان وأرمينيا، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/international/2016/4/9/%D8%B1%D9%88%D8%B3%
٤٣. محمد عبد العاطي، ناغورني قره باغ: جذور الصراع وعوائق التسوية، الجزيرة نت، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/2008/03/17/%D9%86%D8%A7%D8%BA%D9%88%8%B
٤٤. اقليم "قره باغ".. ٦ أسئلة تشرح الأزمة خلال ٣٠ عاما، على الموقع:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%AF%D9%88%D9%84%D9%8A/%D8%A5%D9%82%D9%
٤٥. 5أسئلة حول ما يجري بين أرمينيا وأذربيجان ، على الموقع:
https://arabic.euronews.com/2020/09/28/what-happened-in-nagorno-karabakh-between-armeni
٤٦. ماهي أسباب النزاع بين أرمينيا وأذربيجان على منطقة ناغورني كاراباخ؟، على الموقع:
https://alwatannews.net/article/893817/World/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%8A-%D8%A3%
٤٧. 2783جنديا أذربيجانيا قتلوا في المعارك في ناغورني قره باغ وأردوغان يزور باكو الأسبوع المقبل، على الموقع:
https://arabic.euronews.com/2020/12/03/2-783-azerbaijani-soldiers-killed-in-battles-in-nagorny-karabakh-official
٤٨. أرمينيا تدعو روسيا لتفعيل التعاون الأمني بسبب التهديدات التركية على الموقع:
https://middle-east-online.com/%D8%A3%D8%B1%D9%85%D9%8A%D9%86%D9%8A%D8
٤٩. روسيا ستقدم «المساعدة الضرورية» لأرمينيا انا طالت المعارك أراضيها، على الموقع:
https://aawsat.com/home/article/2597116/%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-
٥٠. وزير الدفاع الأرميني يقدم استقالته بعد احتجاجات، على الموقع:

https://aawsat.com/home/article/2636111/%D9%88%D8%B2%D9%8A%D8%B1-

٥١. بوتين يعيد ناغورنو قره باغ الى "عصر ستالين".. والأرمن يشعرون بالخذلان، على الموقع:

http://khlaasa.net/655815.html

٥٢. أذربيجان تستعيد اقليما تنازل عنه انفصاليو ناغورني قره باغ، على الموقع:

https://aawsat.com/home/article/2636046/%D8%A3%D8%B0%D8%B1%D8%A8%

٥٣. بعد ٢٧ عاما… مشاهد لدخول جيش أذربيجان مدينة أغدام مع كلمة للرئيس. ، على الموقع:

https://arabic.sputniknews.com/world/202011201047255148-%D8%A8%D8%B9%D8%AF-27-

**سایتی ئینگلیزی**

54. **History of Garabagh , at the site:**
https://web.archive.org/web/20201006183104/https://mod.gov.az/en/history-of-karabakh-075/

55. **Embassy of Armenia to Russian Federation :About Community**
https://russia.mfa.am/en/community-overview

56. **Military power comparison results for Azerbaijan vs. Armenia, Global Fire Power, Last Updated 21 January 2016**
https://www.globalfirepower.com/countries-comparison-detail.asp?form=form&country1=azerbaijan&country2=armenia&Submit=COMPARE

57. **Armenia-Azerbaijan: Why did Nagorno-Karabakh spark a conflict? at the site:**
https://www.bbc.com/news/world-europe-54324772